# بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

ساڵی حەوتەم ژمارە (143) بەرواری 1–5–2023 بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە مانگی دووجار، لە (۱)و (۱۵) هەموو مانگێکدا دەردەچێت


# پیرۆزبێت یەکی ئایار، رۆژی هاوپشتی و هاوچارەنووسی نێونەتەوەیی چینی کرێکار!



## پێنجی ئایار، 13 ساڵ بەسەر ڕفاندن و تیرۆری ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسماندا تێدەپەڕێت و هێشتا نەخشە داڕێژەران و بکوژانی ئازادن...تا ئەوکاتەش کە تۆمەتبارانی ڕاستەقینە لە دادگایەکی عادلانەدا سزای خۆیان وەردەگرن، ئەم دۆسیەیە بۆ بەرەی ئازادیخواز و ئینساندۆست بە کراوەیی دەمێنێتەوە و سەردەشتیش تا هەتا هەتایە سومبولی ئازادییە...

## عەلی مەحمود دەبێ دەستبەجێ و بێقەیدو شەرت ئازاد بکرێت و قەرەبوو بکرێتەوە...



بەرواری ٢٥ی نیسان، عەلی مەحمود هەڵسوڕاوی سیاسی و جەماوەری و کەسایەتییەکی ناسراوی دژە ستەم و بێمافی و تاوان، لەلایەن هێزێکی ئەمنی سەر بەپارتییەوە دەستگیرکرا و تۆمەتی داڵدەدانی تۆمەتبارێکی دراوەتە پاڵ، لەبەرامبەر بە دەستگیرکردنیدا، ژمارەیەکی بەرین لە نووسەر و رۆژنامەنووس هەڵسوڕاوی بزوتنەوەی سیاسی و جەماوەری و کەسایەتی دیاری ئازادیخواز کاردانەوەیان لەخۆیان نیشانداو داوای ئازادکردنی دەستبەجێی دەکەن... بۆ ئەم مەبەستە لەپاڵ چەند چالاکی و کۆبونەوەی نارەزایەتی لەناوخۆو دەرەوەی وڵاتدا کەمپەینێکی ئیمزا کۆکردنەوەیان بۆ گوشار خستنە سەر دەسەڵات بۆ ئازادکردنی وەڕێخستووە... دەقی یاداشتی نارەزایەتیەکە **لە لاپەڕە ٢ بخوێننەوە:**

## قرناقاو پشت ئاشان، تاوانکارییەکی لە بیرنەکراو...ل9

### لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


- هەوڵ بۆ کوشتنی ئازادی و بێدەنگ راگرتنی کۆمەڵگە بەرووی......................ل3
- وتەی ئێلینۆر مارکس لە ڕۆژی ١ی ئایاری ١٨٩٠ لە هاید پارك.....................ل3
- چارەنووسی ئێران لە دەستی چینی کرێکاردایە.......................................ل4
- سالار مامە کەریم، وەڵام بە پرسی رۆژ دەداتەوە......................................ل5
- فینلاند لە پێکهێنانی ڕاستڕەوترین حکومەتی مێژووی وڵاتدا...................ل6
- وتارێکی لینین لە نیسانی ١٩٠٤ بە بۆنەی نزیک بوونەوەی یەکی ئایار......ل6
- بنچینە کۆمەڵایەتی و فیکرییەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری.........................ل10


## دۆسیەی ژمارە "ڕادەستکردنی نەوت و ئایندەی سیاسی کوردستان"


### هاوڕێ هیوا عومەر وەڵامی پرسیارەکانی دۆسیەکەی داوەتەوە...ل11



## وتەی ژمارە

## زیادکردنی کرێ و بەهەمیشەیی کردنی گرێبەستە کاتیەکان و ئازادی و مافی ڕێکخراوبوون سەرەکیترین خواستی ئایارن!

### عەبدوڵا مەحمود



ئایاری ئەمساڵ بۆ کرێکاران و کارمەندانی کوردستان لە هەلومەرجێکی ئێکجار سەختدا بەرێوەدەچێت. کەمی کرێی کرێکاران و کارمەندان و دواخستنی موچەو هەقدەستەکانیان، دانەمەزراندن و هێشتنەوەی دەیان هەزاران هاوڵاتی بە گربەستی کاتی، نەبوونی ئازادی ریکخراوبوون و لەپاڵ گرانی بازار و دەیان دەردو موسیبەتی تریدا بۆتە هۆکارێک تا چینی کریکار و کارمەندان و تەواوی ئۆردی بێبەشی کوردستان بەرەو ژیانێکی سەخت و مەمرەو مەژی راپێچ بکرێن.

لەپاڵ کەمی کرێی و لێبرینی موچەدا، هاوکات خزمەتگوزارییەکان بەرەو لەبەین بردن براون یان هەرزان فرۆشی کەرتی تایبەتی کراون و دەسەڵاتی سیاسی بەرپرسیاریەتیەکی لەسەر شانی خۆی نەهێشتۆتەوە. قورسایی خوێندن و پەروەردە، گرانی داو دەرمان و خەستەخانەو سلکی تەندروستی، باج خستنە سەر وردو درشتی خزمەتگوازرییە گشتیەکانی وەکو دوکانەکان، خۆڵ ڕشتن، گرانی کارەبا و کرینی ئەمپێری موەلیدە، گرانی ئاو ئەگەر هەبێت، تادەگاتە گرانی گۆشت و مریشک و پێداویستییە رۆژانەیەکان...تاد هەموو ئەمانە وای کردووە کە کرێی کریکاران و کارمەندان موچەی موچەخۆران بەشی دابینکردنی کەمترین لە پێداویستیەکانی بەڕیوەچوونی ژیان و گوزەرانیان نەکات. هەر ئەمەش وایکردووە کە ئۆردوی هەژاری بە رێژەی بەرچاو زیاد دەکات و بلۆکی برسێتی بە رادەیەکی سەرسوڕهێنەر بەرین بێتەوە. ئەگەر ئەمە دۆخی کرێکاران و کارمەندان و موچەخۆران بێت، ئەوا ژیان و گوزەرانی بێکاران، چەند بەرابەر سەخترەو رۆژ بەرۆژیش بەهۆی دانەمەزراندنی دەرچوانی زانکۆ و پەیمانگاکان و نەبوونی هەلی کار بۆ کەسانی ئامادەبەکار، ریژەی بیکاری هەڵدەکشێت، بێ ئەوەی باسێک لە بیمەی بێکاری هەبێت.


بۆ لاپەڕە 2



پرسی رۆژ ل5

پرسی ژن ل7

کۆشەی ئەدەب و هونەر ل8

## درێژەی وتەی ژمارە

هاوکات لەگەڵ ئەم واقعیە تاڵە لە ژیان و گوزەرانی چینی کرێکار و بێبەشاندا، ئازادی ڕیکخراوبوون، مانگرتن و خۆپیشاندان بەفەرمی نەناسراوە، واتە لەبەرامبەر بەو هەلومەرجە سەختەدا ڕێگای بەردەم کاری ریکخراو لەبەردەم چینی کریکار و جەماوەری بێبەشدا، بۆ بەرگری ریکخراوانە لە خۆیان و مافەکانیان، یان بۆ داسەپاندنی ویستەکانیان ڕێگەی لێگیراوە. لەوەش زیاتر کاتێک کرێکاران و جەماوەری بێبەش لەژێر گوشاری زۆرو کەمەر شکێندا ناچار بە کۆبونەوە، مانگرتن، خۆپیشاندان دەبن، بەوپەڕی دڵ ڕەقیەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت. لەسەر کار دەردەکرێن، وەکو سزا دەگوازرێنەوە بۆ شوێنی تر، یان ڕووبەڕووی هێزی سەرکوت و داپڵۆسین دەبنەوە بۆ شکاندنی مانگرتن و کۆتاییهێنان بە نارەزایەتیەکانیان.

بەم شێوەیە چینی کریکار و کارمەند و موچەخۆران، لەگەڵ ئەوەدا کە ژینگەی کاریان خراپ و نائەمنە، کرێکانیان زۆر کەمە بە پێوانە لەگەڵ بەڕیوەچوونی ژیان و گرانی بازاڕدا، هاوکاتیش مافی ڕیکخراوبوونیان لێ سەندراوەتەوە. لەوانەش زۆرتر دەسەڵاتی سیاسی هەرێم وەکو پارێزەری نیزامی دیلهینەری سەرمایەداری و کۆمپانیا حزبیەکانیان وەکو بەشێک لەم سیستەمە تالانچییە، لەژێر ناو و پاساوی جۆرجۆردا وەکو نەناردنی موچە لە بەغدا، و دەیان پاساوی تر موچە و کریی کریکاران و کارمەندان لەکاتی خۆیدا نادرێت. هەروەها تا ئیستا باسێک بۆ گێرانەوەی موچەی پاشەکەوتکراو!! لە بنەرەتدا "تالانکراوی" سەدان هەزار کرێکارو موچەخۆر، نییە. وەباسێک لەسەر قەرەبووکردنەوەی دابەزینی بەهای دینار و لەبەرامبەر دۆلاردا نییە، کە قورسایەکی زۆری خستۆتە سەر ژیان و گوزەرانی چینی کرێکار و جەماوەری نەداری کوردستان.

لەم دوایانەدا و بەدوای بریاری دادگای فەرەنسادا کە هەرێم ناچار بوو دۆسیەی فرۆشتنی نەوت رادەستی بەغدا بکات، دەسەڵاتی سیاسی شایی و لۆغانی سەرکەوتنی دیبلۆماسی لەگەڵ بەغدا و بەیاسایی و بەنیودەوڵەتی کردنی فرۆشتنی نەوتی جەژن گێرا، کە پیچەوانە شای لۆغان و پیداگری سیاسەتی ئابوری سەربەخۆ بوو، دیسان ئاسۆیەک بۆ باشتر بوونی ژیان و گوزەرانی چینی کرێکار و زیاد کردنی موچە و دابین کردنی خزمەتگوازارییەکان بۆ جەماوەری چینی کریکار و بێبەشان لە ئارادا نییە.




زیادکردنی کرێ بەپێی هەڵاوسان و بەپێی چونە سەری گرانی بازاڕ، بۆ سەرجەم کرێکاران و کارمەند و موچەخۆران، دابینکردنی هەلی کار یان بیمەی بێکاری بۆ کەسانی ئامادەبەکار سەرو تەمەن ١٦ ساڵ، کۆتاییهینان گێرانەوەی موچەی پاشەکەوتکراوی!! موچەخۆران، بە هەمیشەیی کردنی گرێبەستەکاتییەکان و ئازادی بی قەیدو شەرتی ریکخراوبوون، مانگرتن، و خۆپیشاندان... سەرەکی ترین ئەو خواستانە کە کرێکاران پێویستە لەم ئایارەدا وەکو داخوازی سەرەکی بەدەستیانەوە بگرن و نەخشەی خەباتی ریکخراو یەکگرتووانە بۆ وەدی هێنانیان دابرێژن. هەر لەو چوارچێوەیەشدا پرسی خەبات بۆ یاسا کارێکی پێشرەو بکەنە قیبلەنومای خەباتی نەپساوە، کە زامنی خۆشگوزەرانی کۆمەلایەتی و هەموو مافەکانی کریکاران دابین بکات، بەبێ هیچ جۆرە هەلاواردنێک لەسەر بنەمای کرێکارانی خۆ ولاتی و خاریجی... چینی کریکار لەهەرێمدا خاریجی بن یان خەڵکی هەرێمی کوردستان بن، دەبێ مافی چونیەک و یەکسانیان بۆ بەرەسمی بناسرێت.

**یەکی ئایاری ٢٠٢٣**

## عەلی مەحمود دەبێ دەست بەجێ ئازاد بکرێت!

سەرلەبەیانی ڕۆژی سێشەممە ٢٥ی نیسان هێزێکی پڕچەکی ئاسایش هەڵیانکوتاوەتە سەرماڵی چالاکوان عەلی مەحمود و بە دوور لە هەر ڕێکارێکی یاسایی فڕاندوویانە. دەزگای ئاسایشی هەولێر پاش بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە و لەژێر گوشاری میدیا و ئازادیخوازاندا دانی بەم کردەوە نایاساییەی خۆیدا نا و چارەنووسی فڕێندراوەکانی ئاشکرا کرد. بەڵام بۆ پینەکردنی ئەو ئاکارە نایاسیاییە دووبارە بە لەژێرپێنانی سادەترین مافەکانی هەر تۆمەتبارێک، بەر لە دادگایی کردن یاخود ئاراستەکردنی هیچ تۆمەتێک، ڤیدیۆی دانپێدانانی فڕێندراوەکانیان لە ڕێگای دەزگا ڕاگەیاندنەکانەوە بڵاوکردەوە. عەلی مەحمود چالاکوانێکی ناسراوی بواری مافخوازیی لە کەیسەکانی ئەنفالو کیمیابارانە. ڕێکخەری کەمپینی بە دادگایی گەیاندنی تۆمەتبارانی ئەنفال و کۆمەڵکوژیەکانە. ئەو تۆمەتبارانەی کە بەڵگەی حاشا هەڵنەگر لەسەر تێوەگلانیان لە دەستگیرکردن، کوشتنو بێ سەروشوێنکردنی هەزاران کەسدا هەیە و لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی عیراقەوە داوا کراون، بەڵام لە بن باڵی پارتی دیموکراتی کوردستانو یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و هەندێک حزبی بەناو ئۆپۆزیسیۆندا نەک هەر دالدەدراون، بەڵکو ژمارەیەکی زۆریان خاوەن پلەو پایەی سەربازین و لە ئیمکاناتی مالی و ژیانێکی شاهانە بەهرەمەندن .هەردوو باندی دەسەڵاتداری کوردستان بۆ درێژەدان بە تالانکاری سامانی خەڵکی کوردستان و داسەپاندنی هەژاری و نەداری بە سەر بەشی هەرە گەورەی کۆمەڵگادا پێویستی بەردەوامیان بە سەرۆک عەشیرەتو پەیوەندی و فەرهەنگی کۆنەپەرستانە هەیە و لە کێبەرکێی بەردەوامدان بۆ ڕاکێشانی پشتیوانی ئەوانە. هەربۆیە سەرجەم بڕیارەکانی دادگا و هاواری دادخوازیی کەسو کاری ئەنفالکراوانو قوربانیەکانی ڕژێمی بەعس بە فەرامۆشی دەسپێرن و بەکردەوە هاوبەشی تاوان و تراجیدیایەکن کە هێشتا لە دەروونی قوربانیاندا زیندوون. عەلی مەحمود تۆمەتبارکراوە بە دالدەدانی یەکێک لەو قوربانیانە کە لە کاردانەوەی ئەو هەموو ستەمو برینە سارێژنەکراوانەدا دەستی بردوو بۆ تۆڵەکردنەوەی خوێنی باوکی هەرگیز نەدیوی. لە کاتێکدا کە دالدەدانی سەدان تاوانکارو نۆکەری بەعس دڵۆپێک عارەقەی شەرم ناخاتە سەر ناوچەوانی هیچ بەرپرسێک و حاکمێک و دادوەرێکی ئەم وڵاتە. لە ڤیدیۆی دەزگای ئاسایشی هەولێردا بێ شەرمیەکی بێ وێنە دەچۆڕێ. ئەو دەزگا ئەمنیەی کە پارێزەری یاسای جەنگەڵستانە، هەموو ڕۆژێک بە بەرچاوی زەقیەوە کەرامەتو ژیانی خەڵکی بێ پەنای کوردستان بە دەست چەقۆکێش و گۆپاڵ بەدەستە کۆنو تازەکانی حزبەکەیانەوە لەکەدار دەکرێت و خەڵتانی خوێن دەکرێت، کەچی لافی پاراستنی ئەمنیەت و ژیانی خەڵک و بە سزا گەیاندنی تاوانکاران لێ دەدات .هۆکاری ڕاستەقینەی ڕفاندنو ڤیدیۆگرتنی عەلی مەحمود، پەردە هەڵماڵینێتی لەسەر تاوانکاران نەک دالدەدانی تۆمەتبارێک. دەزگا ئەمنیو حزبیەکانی هەولێر دەمێکە لێو لە عەلی دەکرۆژنو لە فرسەتێک دەگەڕێن کە ئەوی هەمیشە بزێو و هەرگیز نەبەزیو بێ دەنگ بکەن. بە تۆڵەکردنەوە لەویش کۆمەڵگایەکی لێوان لێو لە توڕەیی و بێزاری بترسێنن و دەم بەست بکەن. هەربۆیە وەدەنگهاتن لەبەرانبەر ئەم کردەوە مافیایەی پارتی ئەرکی هەر ئازادیخوازێکە. ئەم ڕووداوە دەبێ سەرەڕای بۆنەیەک بۆ جارێکی تر پێ داگرتن لەسەر ئازادی سیاسی. دەرفەتێکیش بێت بۆ دووبارە بەرزکردنەوەی خواستی بە دادگا گەیاندنی ئەنفالچی و کۆمەڵکوژەکان. ئێمە کە لە خوارەوە ئیمزای ئەم بەیاننامەیە دەکەین خوازیارین کە: تۆمەتبارانی ئەنفال و کۆمەڵکوژیەکان، دەبێ دەستبەجێ هەموو پارێزبەندییەکی حزبی (پارتی) و (یەکێتی) یان لەسەر لابچێت و ئیمتیازاتەکانیان لێ دابماڵرێت و پاشان ڕادەستی دادگا بکرێن و بە سزای کردەوەکانیان بگەیەنرێن. دەسەڵاتدارانی کوردستان دەست لە پەلامار بۆ سەر ئازادیخوازانو سەرکوتی ئازادی سیاسی هەڵگرن و سەرجەم زیندانیانی سیاسی ئازاد بکەن.

عەلی مەحمود دەبێ دەستبەجێ ئازاد بکرێت!

ئیمزاکان:

١/...

**زیادکردنی کرێ بەپێی هەڵاوسان و بەپێی چونە سەری گرانی بازاڕ، بۆ سەرجەم کرێکاران و کارمەند و موچەخۆران، دابینکردنی هەلی کار یان بیمەی بێکاری بۆ کەسانی ئامادەبەکار سەرو تەمەن ١٦ ساڵ، کۆتاییهینان گێرانەوەی موچەی پاشەکەوتکراوی!! موچەخۆران، بە هەمیشەیی کردنی گرێبەستەکاتییەکان و ئازادی بی قەیدو شەرتی ریکخراوبوون، مانگرتن، و خۆپیشاندان... سەرەکی ترین ئەو خواستانە کە کرێکاران پێویستە لەم ئایارەدا وەکو داخوازی سەرەکی بەدەستیانەوە بگرن و نەخشەی خەباتی ریکخراو یەکگرتووانە بۆ وەدی هێنانیان دابرێژن...**

# هەوڵ بۆ کوشتنی ئازادی و بێدەنگ ڕاگرتنی کۆمەڵگە بەرووی نادادی و بێمافی سەرکوتدا، ناکامە!



ماوەی چەند ڕۆژێکە عەلی مەحمود، هەڵسوڕاوی سیاسی و جەماوەری، ڕۆژنامەنووس و دەنگی هەمیشە نارازی بەدژی ستەم و بێمافی و تاواندا، لەلایەن هێزە ئەمنیەکانی پارتییەوە دەستگیر کراوەو تۆمەتی هاوکاری و داڵدەدانی تۆمەتبارێکی دراوەتە پاڵ.

هەر کەس و لایەن و گروپ و کۆڕو کۆمەڵێک لە کوردستاندا بێت، یان چاودێری دۆخی سیاسی ئەم هەرێمە بکات.. ریزی وردو درشتی دەیان و سەدان تۆمەتبار و کارنامەو بەڵگەنامەی تاوانەکان، دەزانێت... تۆمەتبارانی جینۆسساید لە ئەنفال و کیمیابارانەوە بۆ سوتماککردن و بۆمباباران، بۆ چاوساغی و نۆکەر پیشەیی بۆ تیرۆری ئۆپۆزیسیۆنی وڵاتانی ناوچەکە تادەگاتە تیرۆری دەیان کەسایەتی سیاسی چەپ و کۆمۆنیست و ئازادیخواز و ڕۆژنامەنووس و دەیان و سەدان فتوای زنجیرەیی... ئەمانە هەموویان نەک داڵدەدەرو هاوکاری!! ی بکوژێک یان تۆمەتبارێک بوون، بەڵکو کاراکتەری کوشتار و هاوکار لە خوڵقاندنی نەنگینترین تاوان بەدژی خەڵکی کوردستان بوون. ئەم سەدان و هەزار تۆمەتبارە راستەقینەیە کە بەڵگەکانیان هاوار دەکەن و قوربانیەکانیان ئاشکران، نەک ئازادن، بەڵکو بەشێکی هەرە زۆریان لەپاڵ حزبەکان و سەرانی بزوتنەوەی کوردایەتیدا، ژیانێکی شاهانەیان بۆ دابینکراوە و بەرپرسیاریەتیان پێ بەخشراوە.

ئەگەر بڕیار بێت تۆمەتباران و هاوکارانیان دەستگیر بکرێن و رووبەڕووی یاسا بکرێنەوە، ئەوا ئەو سەدان هەزار تۆمەتبارە و ئەو سەدان بەرپرسە حزبی و حکومیانەش کە بوونەتە پاڵ پشت و پارێزەری تۆمەتبارەکان و "پسوڵەی ئازایەتیان" داوە لە بەرۆکی ئەو تۆمەتبارانە، دەبوو هەموویان رووبەرووی یاسا و لێپرسینەوە بکرێنەوە و باجی تاوانەکانیان بەرامبەر بەخەڵکی کوردستان بدەن و لەوەش زیاتر لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بەتاوانی بەشداری و رۆڵ بینین لە تاوانی گەورەی یاساغی نێودەوڵەتیدا ناویان تۆمار بکرێت.

جیا لەوانە تۆمەتبارانی ژن کوژ، کە گۆرستانی ژنانی بێ ناونیشانیان، کردۆتە سیمای نەنگینی مێژووی هاوچەرخی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، بە هەزارانن و لە ژێر سایەی ئەم دەسەڵاتەو یاسا دژە ژنەکاندا، ئازادن و دەستی یاسای میلیشیایی ئەحزاب پێیان راناگات و لە دیوەخانی "ئاشتی کۆمەڵایەیدا" تۆمەتباران دەبەخشرێن و ئەوانەشی دەستگیر دەکرێن بە پاساوی شەرەف شۆردنەوە، دوای چەند ڕۆژ ئازاد دەکرێن و کوشتنی ژن بەوێنەی کوشتنی بە ئەنقەست، مامەڵە ناکەن... بەمەش ڕێرەوی ژن کوژیان قیرتاو ئازادو سانا کردووە.

نەک هەر تۆمەتبارانی بەشدار و هاوکار لە جینۆسایدی خەڵکی کوردستان و لە سەرکوت و تیرۆ و تۆقاندن، بەڵکو ئەوانەشی کە باوەشیان بۆیان کردۆتەوە، هێندە زۆرن کە دەبوو دادگایی بکرێن، کەچی هەر ئەو جەنابابە، هەژموون و هەیمەنەی دەسەڵات و چەکیان بەسەر یاسادا زاڵ کردووەو دادگا و یاسایان بۆ بەرگری لە خۆیان و بۆ زیندانیکردنی ناڕازیان و ترساندنی کۆمەڵگە قوتکردۆتەوە.

جەلاد و تۆمەتبار، لەجیگای ئەوە لە زیندان و لەبەردەم لێپرسینەوەی یاسایی بن، یاسایان بەدەستەوە گرتووە، لەبەرامبەر قوربانیان و ئازادیخوازان و نووسەرو ڕۆژنامەنووس و نەیارانی دەسەڵاتی بەزۆر داسەپاوی میلیشیایی و نۆکەر پیشەدا.

کەچی هەر ڕۆژە ئینسانی ئازادیخواز و نووسەر و چالاکوان و ڕۆژنامەنووس دەستگیر دەکەن، تۆمەتیان بۆ دادەتاشن، سیناریۆی ئامادەکراویان بۆ دەخەنە ڕوو، کەسایەتیان ورد دەکەن... لەبەرامبەریشدا بکوژ و نەخشەدارێژەرانی تیرۆر و تۆقاندن و رفاندن... بۆیەک جاریش ئاشکرا ناکرێن و دەستی یاسا پێیان ناگات.

ئەم دۆخە کە تۆمەتبار و جەلاد، یاساشیان خستۆتە ژێر هەژموونی دەسەڵات و خۆیانەوە و هەر ڕۆژە لە سیناریۆیەکی تازەدا دەیخەنە ڕوو، هیچ نییە جگە لەوەی ماهیەتی دەسەڵاتی سەرکوتگەر و تۆقینەری بزوتنەوەی کوردایەتی دەخاتە ڕوو. عەلی مەحمود و شیروان شیروانیەکان و هیمن مامەندکان و بەدەل بەرواریەکان...تاد، نموونەی خستنەرووی ماهیەتی دەسەڵاتی دڵ رەقی بۆرژوازی کوردن لە دژی چین و توێژە بێبەشەکان و جەماوەری نەداری کوردستاندا. نموونەی سەرکوت و ژێر پێخستنی سەرەتاییترین ئازادییەکان و مافی نارەزایەتی دەربرین و بەیانی بیروڕایە. نموونەی بەدەستەوە گرتنی مامەڵەی بەعسیانەو داعشیانەیە، ئامانجیش تەنها و تەنها داسەپاندنی کەشی ترس و توقاندنە بۆ بێدەنگ کردنی دەنگی نارەزایەتی و ئازادیخوازی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا.

دیارە تا سەرکوت و بێمافی و دڵ رەقی بۆرژوازی و دەسەڵاتەکانی زۆرتر بێت، کاردانەوەو نەفرەت لەو دەسەڵاتە زۆرتر دەبێت و ویستی ئازادی و ئازادیخوازی زۆرتر دەبێت. هاوکات بێدەنگی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوای بەرامبەر بەو تاوانانەی دەرهەق بە ئازادی و ئازادیخوازن دەکرێت، هیچ نییە جگە لەوەی ئەو هیزانە جیاوازیەکیان لەگەڵ دەسەڵاتی بۆرژازی کورد نییەو هاوکار و هاوپیشەی ئەم دەسەڵاتە نەگریسەی بۆرژوای کوردن و دەبێ ریسوا بکرێن.

عەلی مەحمود، تۆمەتبار نییە، تۆمەتبارەکان لە باوەشی دەسەڵات و لەپاڵ سەرۆکەکاندان، بۆیە دەبێ دەست بەجێ و بێقەیدو شەرت عەلی مەحمود ئازاد بکرێت و قەرەبوو بکرێتەوە و خواستی دادگای تۆمەتباران و پارێزەرانیان، ببێتە خواستی بزوتنەوەی ئازادیخوازی و نارەزایەتی جەماوەری کوردستان لە دژی دەسەڵاتی حزبۆکراتی و میلیشیایی بزوتنەوەی کوردایەتی... بۆ ئەمەش پێویستە بزوتنەوە و نارەزایەتی جەماوەری و ئازادیخوازی، هێزی خۆی لەناووەو دەرەوەی کوردستان بینێتە مەیدان و نیشانی بدات، کە هەوڵ بۆ کوشتنی ئازادی و بێدەنگ راگرتنی کۆمەڵگە بەرووی نادادی و بێمافی سەرکوتدا، ناکامە.

**عەبدوڵا مەحمود**

# وتەی ئێلینۆر مارکس لە ڕۆژی ١ی ئایاری ١٨٩٠ لە هاید پارك - لەندەن



ئێمە نەهاتوین بۆ ئێرە بۆ ئەوەی کاری حزبە سیاسییەکان بکەین، بەڵکو ئێمە هاتووین بۆ بەرگری لە کرێکار و داوای بە دیهێنانی مافەکانمان بکەین.

ئەو کاتەم لەبیرە کە دەهاتینە هاید پارک و داوای ٨ کاتژمێر کارکردنمان دەکرد. ئەوکات ئێمە بەقەد ژمارەی پەنجە بووین، ئەو ژمارەیە گەورە بوو بۆ سەدان و هەزاران، ئەمڕۆ سەیری ئەم خۆپیشاندانە شایستە و قەرەباڵغەمان بکەن کە پارکەکەی پڕکردووە.

ئەمڕۆ من نەک تەنها وەک چالاکوانێکی سەندیکا، بەڵکو وەک سۆشیالیستێکیش قسە دەکەم، ئێمەی سۆشیالیست پێمان وایە بەدیهێنانی ٨ کاتژمێر کارکردن لە ڕۆژێکدا هەنگاوی یەکەمە و زۆر پەلەیە کە جێبەجێ ببێت و ئامانجمان ئەوەیە بگەینە ئەو کاتەی کە چیتر چینێک نامێنێت بۆ بەخێوکردنی چینەکانی تر.

بەڵام بێکاری لەو کاتەدا لە کۆمەڵگادا بوونی نابێت. گەیشتن بە ڕۆژی کارکردنی هەشت کاتژمێری، ئامانجی کۆتاییمان نییە، بەڵکو سەرەتای خەباتە، بەس نییە بۆ ڕۆژی کارکردنی هەشت کاتژمێری دەست بە خۆپیشاندان بکەین، پێویستە ڕۆژانە لەسەر دۆزی خۆمان قسە بکەین و هانی پیاوان و بەتایبەتی ژنان بدەین بەشداری ڕیزەکانمان بکەن و یارمەتیمان بدەن. نابێت وەک هەندێک مەسیحی بین کە شەش ڕۆژ گوناه دەکەن و لە حەوتەمدا دەچنە کڵێسا، بەڵکو دەبێت ڕۆژانە لە پێناو دۆزی خۆماندا خەبات بکەین.

هەستە وەک شێر دوای خەوتن

لە ژمارەیەکی بێ سەرو بندا

زنجیرەکانت فڕێبدە بۆ زەوی وەک دێو

ئەوەی لە خەودا کەوتە سەرت

ئێوە زۆرن، ئەوان کەمن."

*** ئێلینۆر مارکس (١٦ی کانوونی دووەم ١٨٥٥ – ٣١ی ئازاری ١٨٩٨) لە لەندەن لەدایک بووە و شەشەم منداڵی مارکس و جێنی هاوسەری بوو. چالاکوانێکی سەندیکایی و سۆشیالیست بوو. یەکەم کەس بوو ڕۆمانی مادام بۆڤاری وەرگێڕا بۆ سەر زمانی ئینگلیزی. لە ساڵی ١٨٩٨ ئێلینۆر بۆی دەرکەوت کە هاوسەرەکەی، کە ١٤ ساڵ هاوسەرگیری لەگەڵدا کردبوو، ئێدوارد ئەڤێلینگ، بە نهێنی هاوسەرگیری لەگەڵ ئەکتەرێکی تەمەن ٢٢ ساڵان بە ناوی ئیڤا فرای کردووە. ئێلینۆر لەتەمەنی ٤٣ ساڵیدا سیانیدی خوارد و خۆی کوشت.**

**وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە:**

**توانا حەمە نوری**

**کۆتایی نیسانی ٢٠٢٣**

# چارەنووسی ئێران لە دەستی چینی کرێکار دایە!



## نووسینی توانا حەمە نوری

کرێکارانی پرۆژەی گرێبەستی نەوت و گاز و پترۆکیمیایی لە رۆژی هەینی ٢١ی نیسانەوە لە شوێنە جیاوازەکان مانیان گرتووە، رۆژی شەممە هەڵمەتی مانگرتن بەردەوام بوو و زیاتر بڵاوبووەوە.

لە رۆژی یەکەمدا سەدان کرێکاری بەڵێندەر کە لە پالاوگەی نەوتی ئابادان و چەندین کۆمپلێکسی پترۆکیمیایی کاریان دەکرد، نارەزایەتییان دەربڕی لەسەر بارودۆخی ژیانیان و مانیان گرت و داوای زیادکردنی حەقدەستەکانیان کرد. هاوکات کرێکارانی کاتی و گرێبەست لە پیشەسازییەکانی دیکەی وەک یەزد مانیان گرت.

لە رۆژی دووەمدا، مەودای هەڵمەتەکە زیاتر فراوانتر بوو لەگەڵ هەندێک کۆمەڵگەی دیکەی وەک باشووری پارس — کۆمەڵگەی پترۆکیمیایی دەهلوران، پترۆکیمیایی گەچساران، لۆردیگان و کانگان پترۆکیمیایی پەیوەست بوون بە مانگرتنەکەوە و داوای زیادکردنی کرێیان کرد. داواکاری سەرەکی زیادکردنی حەقدەست و ئاسایشی کارە.

مەودای نارەزایەتی چینی کرێکاران لەدژی کەمترین حەقدەستی فەرمی کە لەلایەن ئەنجومەنی باڵای کارەوە بۆ ئەمساڵ پەسەند کراوە، تەنیا لە کرێکارانی نەوتدا سنووردار نییە. کرێکاران لە سەرانسەری وڵاتدا دژایەتی رێژەی کەمی مووچە و سەرکوتکردنی کرێ و مافی سەندیکاکان دەکەن. ئەوان بە تایبەتی داوا دەکەن کە زیادکردنی مووچە لەسەر بنەمای رێژەی هەڵاوسانی راستەقینە و خەرجییەکانی ژیانیان بێت.

پێویستە پشتیوانی لە چینی کرێکاری ئێران بکەین، بە کرێکارانی گرێبەستی نەوتیشەوە چونکە کرێکارانی گرێبەست لە سەرەتاییترین مافەکانیان بێبەش کراون. لە قۆناغی ئێستادا، بانگەوازی داواکارییەکان کە لەسەر بنەمای تێچووی ژیانی کرێکاران کە هاوکات دەتوانێت دەسەڵاتی بزووتنەوەی کرێکاران بەهێز بکات و هەڵمەتی مانگرتن فراوانتر بکات، شتێکی ژیانی و گرنگە.

زۆر گرنگە پشتگیری لە خەباتی کرێکاران بکەین بۆ داواکارییە دەستبەجێکانیان؛ دەبێ داواکاری زیادکردنی مووچە لەگەڵ خەباتی قارەمانانەی ژنان لە دژی یاسای ئیجباری حیجاب تێکەڵ بکەین. خەباتی کرێکاران و خۆراگری ئازایانەی ژنانی لە دژی حیجابی ئیجباری و سەرکوتکردنی رژێم، هەموویان ئاماژەیەکی روونن بۆ بەردەوامیی بزووتنەوەی جەماوەری دژ بە کۆماری ئیسلامی دیکتاتۆر.

کەمپەینی فراوانکردنی نارەزایەتی کرێکاران و پێکهێنانی بزووتنەوەیەکی کرێکاری سەرتاسەری لەم کاتەدا لەوپەڕی گرنگیدایە. خەباتی کرێکاران لە ئێستادا کە بە شێوەیەکی سەرەکی لەسەر داواکارییە ئابوورییەکان سەنتەرە، بەڵام لە چوارچێوەی بزووتنەوەی جەماوەری ژن، ژیان، ئازادی و بارودۆخی گشتیی وڵاتدا روودەدات و بەم پێیەش دەکرێ ببێتە بزووتنەوەیەکی سیاسیی هۆشیارانە دژ بە دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر.

ئەگەرچی گەرەنتیکردنی ئاسایشی کار، زیادکردنی مووچە، راگرتنی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی کاتی لە داواکارییە دەستبەجێ و دادپەروەرەکانی کرێکارانە، بەڵام کرێکارانی سۆشیالیست دەبێ لە رێگەی خۆرێکخستن و یەکدەنگییەوە سەرکردایەتی نارەزایەتی و مانگرتنی کرێکارانی ئێران بکەن بەرەو ئەوە نەک تەنها بەدەستهێنانی داواکارییەکانیان، بەڵکو بەدەستهێنانی پشتیوانی توێژ و بەشەکانی تری کۆمەڵ بەرەو بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات و دامەزراندنی سۆشیالیزم. بانگەوازی زیادکردنی حەقدەست و داواکارییە دەستبەجێیەکانی دیکە جیا نییە لە دژایەتیی هۆشیارانەی بزووتنەوەی کرێکاران بۆ سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی.

# مانگرتنی سەراسەری کرێکارانی ئێران و ئومێدێکی نوێ

## عەبدوڵا مەحمود

زیاتر لە هەفتەیەکە کرێکارانی دەیان کارگەو ناوەندی کرێکاریی لە بەشەکانی نەوت و غاز و پترۆکیمیاوی دەستیان داوەتە مانگرتن لە پێناو زیادکردنی موچەکانیان. ئەم مانگرتنە کرێکارییە لەهەلومەرجێکدا و بەتین و تەوژمێکی بەهێزەوە دەستیپێکردووە، کە نزیکەی حەوت مانگە بزوتنەوەی شۆرشگێرانە لە ئێراندا، هەلومەرجێکی تەواو تازەو جیاوازی لە رابردووی هێناوەتە ئاراوە. هەلومەرجێک کە کەشێکی خەباتکارانەی لەبارتری بۆ بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی دژ بەدەسەڵاتی بۆرژوازی لەئێراندا پیکهێناوە. بۆرژوازی لە ئێراندا توانای کۆنترۆڵی لەدەستداوە، کۆبونەوەو ئازادی بیرورا، ئازادی جل و بەرگ پۆشین، وەستانەوە بەرووی حجاب و رەمزەکانی ئیسلامدا، بروا بەخۆ بوون، پێداویستی ئاڵوگۆری ریشەیی، گرنگی کاری ریکخراو... لەو مەسەلە بەرجەستانەن کە بوونەتە بەشێک لە واقعیەتی زاڵی کۆمەڵگەی ئێران و هاوسەنگی هێز لە نێوان چینی کریکار و جەماوەری بێبەشی ئێران لەگەڵ دەسەڵاتی بۆرژوازی سەرمایە، بە سودی چینی کریکار و جەماوەری نارازی و خەباتەکەی گۆراوە.

شەپۆلی مانگرتنی ئەمجارەی زیاتر لە هەشتا کارگەو ناوەندی هەستیاری ئابوری لە رشتەی نەوت و غازو پترۆ کیمیاییدا، لەیەک کات و بە هاوئاهەنگی لەگەڵ یەکتر، لە پێناو بەرزکردنەوەی موچە بە رێژەی ٧٩% دا، و لەپاڵ بزوتنەوەیەکی شۆرشگێرانە کە زیاتر لە ٦ مانگ بەردەوامی بەخۆیدا، سەرەتای دەورەیەکی نوێ هاتنە مەیدانی چینی کرێکارە. دەورەیەک کە رێگای گەرانەوەی بۆ دواوە لێ بەستراوە، دەورەیەک کە بەجیا لە چینی کرێکار، سەرجەم بەش و توێژەکانی تری کۆمەڵگە لە مامۆستایانەوە بۆ خانەنشینان و لاوان و ژنان و فەرهەنگیان...تاد، بریاری کۆتاییان داوە کە رژێمی جمهوری ئیسلامی دەبێ بروات.

خواستی زیاد کردنی کرێ، لەم هەلومەرجەو لە جەرگەی گرانی کەمەرشکێن و چوونە سەری نرخی کالاو شمەکی ژیارییدا، بوتە خواستێکی ناچاری بۆ چینی کریکار و جەماوەری بەش مەینەت بۆ درێژەدان بە ژیان و گوزەرانیان... دیارە بەهەر ئەندازە چینی کرێکار لە ژیان و گوزەرانێکی شیاودا بیت، بەهەمان ئەندازەش چاوەروانیەکانی و ئاستی خەباتی بەرەو سەر دەچێت. چینی کریکار لە ئێران چ لە پێناو باشترکردنی ژیان و چ لە پێناو درێژەدان بەخەباتی نەپساوەیدا، ناچارە بەرووی نیزامی زاڵمانەو کۆمپانیا چاوچنۆکەکان و سەرمایەداراندا، بیتە مەیدان سەرەکیترین خواستەکانی بەپێی هاوسەنگی هیزی خۆی بخاتە روو. خواستی زیادکردنی کرێ، تەنها خواستێکی روتی ئابوری نییە، بەڵکو خواستە بۆ مانەوە و ژیانکردن و درێژەدان بەخەباتە لەهەلومەرجێکی باشتردا، لە راستای ئامانجە درێژمەدواکانی تری چینی کریکاردا.



بزوتنەوەی کرێکاریی لە ئێران لەناو دڵی بزوتنەوەی روخاندنی جمهوری ئیسلامیدا، بەهەر خواست و بە هەر ئامادەیەکەوە بێتە مەیدان، بەشی پیشرەوی بزوتنەوەی جەماوەری ملیۆنی ئیرانە و داینەمۆی ئاڵوگۆری ریشەییە... مانگرتنی سەرتاسەری و هاوئاهەنگ و یەکگرتوانەی کرێکاران لە دەیان کارگەو ناوەندی شادەماری ئابوری ئێران، لە شوێنی کاری خۆیاندا، ئەو هەنگاوە کارێگەرییە کە دەتوانێت جارێکی ئەو راستیە نیشان بداتەوە کە هاتنە مەیدانی یەکگرتوانەی کرێکاران، لە ناوەندە هەستارەکانی ئابوریدا، دەتوانێت گەروی دەسەڵاتی سیاسی سەرمایەوە خاوەن کارەکان بگرێت و ناچار بەملدان بەخواستەکانیان بکات. دیارە هاتنە مەیدان و مانگرتنی سەراسەری زیاتر لە ٨٠ کارگەو کارخانە و ناوەندی بەرهەم هێنان، تەنها گۆشەیەکە لە هێزی چینی کرێکاریی ئیران، لەناو سەدان و هەزاران رشتەی هەستیاری تری ئابوریدا... بۆیە پشتیوانی رشتەو بەشەکانی تری چینی کریکار لەخواستی کریکارانی مانگرتوو، هێز دەبەخشێتە کرێکارانی مانگرتوو و دەسەڵاتی سیاسی بۆرژوازیش لەگەڵ هێزێکی گەورەتر و سەراسەری تر رووبەروو دەکاتەوە... لەوەش زیاتر پشتیوانی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی توێژو بەشە بێبەشەکانی تری کۆمەڵگە، دەخوازێت.

لەوەش زیاتر سەرکەوتنی مانگرتنی کرێکاران و داسەپاندنی زیادکردنی خواستی هەق دەستەکان، کاریگەری لەسەر سەرجەم بەشەکانی تری چینی کریکار و بزوتنەوە رادیکاڵ و شۆرشگێرەکان دەبێت، بۆیەشە پشتیوانی لەم شەپۆلی مانگرتنە، لایەنێکی تری هێز بەخشینە بە ئاسۆی سەرکەوتنی ئەم مانگرتنە سەراسەرییە...

چینی کریکار لە عێراق و کوردستان، کە هاوچارەنووسی چینی کریکار لە ئیرانن و لە جغرافیایەکی پاڵ یەکدان، پێویستە پشتیوانی خۆیان لە مانگرتنی کریکارانی ئێران رابگەیەنن و لەوەش زیاتر ئەزموونی یەکگرتوویی و ریکخراوبوون هاوئاهەنگیان، بەدەستەوە بگرن.

*****

**پرسی ڕۆژ گۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...**

bopeshawa@gmail.com

## سالار مامە کەریم نووسەر و چالاکوان، وەڵام بە پرسی ڕۆژ دەداتەوە...



**پرسی ڕۆژ/ لە سەرەتای ئەم مانگەدا شاهیدی چەند هێرش و پەلامار ڕووداوی توندوتیژی شەخسی بووین لەشاری هەولێر، و ژیان لەدەستدان و برینداری لێکەوتەوە. ئەو ڕووداوانە لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە دەنگدانەوەی تورەیی خەڵك و نیگەرانیان لە سەلامەتی و ئاسایشی گشتی لێکەوتەوە. نیگەرانیەکی گەورە لە پێشێلکردنی یاسا و دادگا بوو لەوشارە و لە هەریمی کوردستان بەگشتی.**

**هەڵکشانی ئەم ڕووداوانە لە شارەکانی کوردستان لە چی سەرچاوەی گرتووە، و ڕێگەچارەکانی چین؟**

**سالار مامەکەریم/** سەرەتا سوپاسی ڕۆژنامە ئازیزەکەتان دەکەم بۆ وروژاندانی ئەو بابەتە گرنگە و بایەخدان بە پرسی ڕۆژانەی خەڵك.

بەرێزان؛ بەرلەوەی باسی ئەم توندوتیژی و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ وترس و تۆقاندنانە بکەین کە ئێستا لە هەرێمی کوردستان بەگشتی و شاری هەولێر بەتایبەتی ڕوودەدەن، دەبێت بزانین کە ئەوە درێژەپێدەری ئەو عەقڵیەتە دەرەبەگایەتیەیە کە سەردەمانێك دەرەبەگە دەستڕۆیشتەوەکان و زۆردارەکان بەرامبەر جوتیار و وەرزێرە بێدەسەڵاتەکان پیادەیان دەکرد. دواتر ئەو عەقڵیەتە گوازرایەوە نێو ململانێی نێوان مەلایی و جەلالییەکان لە ناوەراستی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، کە گرتوخانەکانی ڕایاتی مەلاییەکان و بەکرەجۆی جەلالییەکان گەورەترین قوتابخانە بوون بۆ فێرکردن و پەروەردەکردنی سەدان جەلاد لەسەر چۆنیەتی سوکایەتی و هەتککردنی نەیارەکانیان، هەربەمەش نەوەستان ئەمجارەیان ئەو عەقڵیەتەیان وەکو ڕێکخراوێکی سەرکوتکەر خستە نێو ڕێکخستنە نهێنی و ئاشکراکانیانەوە، مەلاییەکان لە کۆتاییەکانی شەستەکاندا هێزێکیان دروستکرد بەناوی هێزی (کوتەك) بۆ پاکتاوکردن و داپلۆسینی شیوعیەکان و سوکایەتی پێکردن و هەتککردنیان. ئەو عەقڵیەتە دواتر دەچێتە ناو شاخ و لەشەڕی براکوژیدا هەر بە سوکایەتی و هەتککردنەوە ناوەستێت، بەڵکو شێوەیەکی دڕندانەتر وەردەگرێت لە دیل کوشتن و شێواندنی جەستەی پێشمەرگە کوژراوەکانی یەکتر. جا هەرکەسێك زانیاری لەسەر عەقڵیەت و باکراوەندی ئەو حزبە دەسەڵاتدارانە نەبێت، ڕەنگە ئەو ڕەفتارە نامرۆڤانە و ناشارستانیانەی کە ئێستاکە پیادەی دەکەن لایان سەیر و نامۆ بێت، چونکە خەڵکە سادە و عاتفیەکە تەنیا گوێیان لە دروشمی بریقەدار بووە، بەڵام بێئاگابوونە لەوەی لە پشت ئەو دروشمانەدا چی دەگوزەرێت! جا ئەو عەقڵیەتە هەنوکە حکومەت و دادەوەری کۆنترۆڵکردووە، تاوانبارەکانیش زۆربەیان جەلادە سەکوتکەرەکانی خۆیانن، لە فەیسبوکەکانیاندا بەمەبەستی چاوترسانی خەڵك بەچەکی جۆراوجۆر خۆیان نمایش دەکەن، یان وێنەی خۆیان لەگەڵ بەرپرسە باڵاکانی حکومی و حزبییەکان بڵاودەکەنەوە تاکو نیشانی بدەن کە پشتیان بەهێزە و هیچ باکیان بە یاسا نییە! جا هەڵکشانی ئەم ڕووداوانە لەمەوە سەرچاوەی گرتووە کە یاسا لە ترۆپکی لاوازیدایە و بەتەواوی لەلایەن ئەو عەقڵیەتە خێڵەکی و دەرەبەگایەتیە کۆنترۆڵکراوە! هەروەکو جۆرج ئۆروێل لەڕۆمانە بە پێزەکەی ١٩٨٤ دا دەڵێت: هیچ یاسایەك نییە جگە لە تاوان ... بە بیروبۆچوونی من ڕێگەچارە ئەوەیە ڕەوەندەکانی کورد لە ئەوروپادا لۆبیەك دروست بکەن بۆ ئەوەی کاریگەریان هەبێت لەسەر ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، تاکو گوشار بخەنە سەر ئەو بنەماڵە سیاسیە دەسەڵاتدارانەی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی ڕێز لە مافی مرۆڤ بگرن و ڕێگری لە پیادەکردنی سیاسەتی ئەو عەقڵیەتە ناشارستانەیان بکەن.

# کرێکاران، زەحمەتکێشان، لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!

بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی نارەزایەتی سۆسیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبراوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی فکر و ڕاگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوەو ڕەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی...

بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەتییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سێبەریان، دەیانەوێ بەلاڕێ، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەوەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تالانی دەسەڵات و کۆمپانیاکانیان، هەواڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنییەکان... بە ئێمە بگەیەنن. بۆپێشەوە، دەنگی سازش هەڵنەگرو سەکۆی ڕاستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەمەی خوارەوە ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..

**bopeshawa@gmail.com**

**www.bopehsawa.net**

# فینلاند لە پێکهێنانی ڕاستڕەوترین حکومەتی مێژووی وڵاتدا...



نووسینی: بنار مستەفا

هەڵبژاردنی پەرلەمانی فینلاند لە سەرەتای مانگی ئەپریل ئەنجامدرا و کورسیەکان بەسەر پارتەکانی حکومەت و ئۆپۆزیسیۆن بە یەکسان دابەش بوون. بەو پێیەی پارتی یەکگرتووی گەل (پارتی مێژوویی بۆرژواکانی فینلاند) زۆرترین کورسییەکانی بەدەستهێنا، ڕاسپێردرا بۆ پێکهێنانی حکومەت. لە ٢٦ی مانگدا سەرۆکی حزبی ناوبراو ڕایگەیاند، کە لەگەڵ پارتی فینلاندییە ڕەسەنەکان، مەسیحییە دیموکراتەکان و پارتی گەلی سویدی گفتوگۆ دەکەن بۆ پێکهێنانی حکومەت.

هەرچەندە پارتەکانی پەرلەمان لە چوارچێوە گشتییەکەیاندا یەک هێڵن و لە هەمان سیستەمی پەرلەمانتاریزمدا کاردەکەن و کۆتاییهێنان بە سەرمایەداری لە ئەجندایاندا نییە، بەڵام بەسەر بەرەی ڕاست و چەپی پەرلەماندا دابەش بوون و لە هەندێک سیاسەتدا جیاوازییەک بەدی دەکرێت. بە گشتی لە پرسی ئەوەی دەوڵەت چەندە بەرپرسیارێتی دەگرێتە ئەستۆ لە بەرانبەر ژیان و گوزەرانی دانیشتووان یان چەندە دەیخاتە سەر ئەستۆی خودی هاوڵاتیان، جیاوازییەکان دەردەکەون. هەروەها ململانێی ئەوەی چ دەستکەوتێک لە سایەی سەرمایەداریدا بۆ کرێکاران بەدەست دێت یان لێیان دەسەندرێتەوە، خاڵی ناکۆکی ئەم حزبانەیە. بەڵام هەموویان تێکڕا کۆکن لەسەر پرسە گەورەکان، وەک ئەوەی گۆڕانکاری دەبێت لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە ئەنجام بدرێت.

ئەم پێکهاتەیەی بڕیارە حکومەت پێک بهێنێت، دەبێتە ڕاستڕەوترین حکومەت لە سەد ساڵی ڕابردووی مێژووی وڵاتدا. تا ئێستا بە گشتی حکومەتەکان تێکەڵەیەک بوون لە پارتەکانی بەرەی چەپ و ڕاست، هەندێک جار لایەکیان بە ڕێژەیەک زیاتر یان کەمتر بەشدار دەبوون و بەو پێیە سازشیان لەسەر خواست و ئامانجەکانی یەکدی دەکرد. ئەم حکومەتەی بەڕێوەیە، تەواوی ڕاستی پەرلەمانە بە هەر چوار پارتەکەی، ئەمەش بە مانای پێویست نەکردنی سازش دێت لە زۆر بابەتدا.

بۆ نمونە ئەو مافانەی کرێکاران لە خەباتی دەیان ساڵە بەدەستیان هێناوە، لە سایەی حکومەتیکی لەم چەشنەدا لە ژێر هەڕەشەی پاشەکشەدایە و نەماندایە. بەرەی ڕاست تەنانەت بیمەی بێکاری و مافی مانگرتنی کرێکارانیان کردۆتە ژێر پرسیارەوە و ئامادەییان هەیە، لە دەرفەتێکی گونجاودا بە زیانی کرێکاران گۆڕانی بەسەردا بهێنن. هەروەها مافی پەنابەری و جێگەوڕێگەی بیانیان لە کۆمەڵگەدا بابەتیکی ترە، کە بێگومان لە سایەی حکومەتێکی وەها ڕاستدا، ئەو مافانەی بەدەستهاتوون، پێداچوونەوەیان پێدا دەکرێت و سنووردارکردنی زیاتر و زیاتر دێتە ئاراوە.

ئەمانە تەنها لێکدانەوە نیین، بەڵکو پەیامی ڕۆشن و تەنانەت بەڵێنی هەڵبژاردنی خودی ئەم لایەنانە خۆشیان بووە. بۆ نمونە پارتی یەکگرتووی گەل وەک مەرج ئەوەی دادەنا، کە لە ساڵی ئایندە بڕی شەش ملیارد ئیۆرۆ و ساڵی دواتریش سێ ملیارد لە بودجەی وڵات بگیرێتەوە، تا قەرزی سەر وڵات کەم بێتەوە. بە کردەوە بە مانای کەم بوونەوەی ئەو خزمەتگوزارییانە دێت، کە ئەوانەی لە هەمووان زیاتر پێویستیان پێی هەیە. هەروەها پارتی فینلاندییە ڕەسەنەکان دەمێکە لەسەر توندکردنەوەی یاساکانی پەیوەند بە بیانی و بە تایبەتی مافی پەنابەری کەمپەین دەکات. کاتیک ئەم پارتانە لە حکومەتدان، تەنانەت بێ ڕکابەرت شکڵیش، بێگومان ئاسانتر دەتوانن ئەو یاسایانە بچەسپێنن، کە ئامانجیانە. ڕۆشنە حکومەتێکی هێندە ڕاستڕەو، بڕیارەکانی لە بەرژەوەندی کرێکاران نابێت و قڵشتی چینایەتی فراوانتر دەکات. ئەو تایبەتمەندیانەی پێناسەی دەوڵەتی خۆشگوزەرانن و بە شێوەی جیاواز کەم تا زۆر پیادە دەکران، لە ژێر مەترسی ئاڵوگۆڕی فراواندان.

دیاردەی پێکهێنانی حکومەت لە لایەن بەرەی ڕاستی پەرلەمان و زیاتر لادان بە لای ڕاستی پارت و دەوڵەتەکان، تەنها لە فینلاند نییە. لە زۆر وڵاتی تردا و تەنانەت لە نێو باڵەکانی بۆرژوازیشدا، ڕاستڕەوترینیان بە دەسەڵات گەیشتن. ترامپ نمونەیەکی بەرجەستەی ئەم دیاردەیەیە. ئەمە هەڕەشەیەکی مەترسیدارە ڕوو لە چینی کرێکار، کە هەموو ئەو دەستکەوتانەی ساڵەهایە لە ڕێگەی خەباتەوە بەدەستهاتوون، بەرەی کۆتایی ببرێن.

لە بەرانبەر ئەم دیاردەیە و ڕێگەگرتن لە گۆڕانکاری زیاتر لە زەرەی کرێکاران و پاشەکشە بە دەستکەوتەکانیان، دەخوازێت لە چینی کرێکار بە شێوەیەکی فراوانتر و ڕێکخراوتر ڕووبەڕووی ئەم بزووتنەوەیە بێتەوە. مەرجێکی گرنگی سەرکەوتنی هەر بزووتنەوەیەک بەرانبەر ئەم دیاردەیە، نەبەستنەوەی خەباتە تەنها بە دەنگدان و ڕێگای پەرلەمان، وەک کرێکارانی فەڕەنسا دەستیان بۆ بردووە و ئومێدێکی گەورەیان خستۆتە دڵی چینی کرێکارەوە.

**کۆتایی ئەپریلی ٢٠٢٣**

# وتارێکی لینین لە نیسانی ١٩٠٤ بە بۆنەی نزیک بوونەوەی یەکی ئایار

**هەڤاڵانی کرێکار!**

یەکی ئایار بەڕێوەیە، ئەو ڕۆژەی کە کرێکارانی هەموو وڵاتەکان چاویان بەرەو ژیانێکی هۆشیارانە دەکەنەوە، هاودەنگی خۆیان لە خەبات دژی هەموو جۆرەکانی چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە، واتە خەباتی ئازادکردنی ملیۆنەها کرێکارو زەحمەتکێش. ئەوانەی ئاهەنگی برسێتی و هەژاری و زەلیلی دەگێڕن. لەم ململانێ مەزنەدا دوو دونیا ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە: دونیای سەرمایە و دونیای کار؛ جیهانی ئیستغلال و کۆیلایەتی، جیهانی برایەتی و یەکسانی.



لە لایەک کەمێک دەوڵەمەندی خوێنمژ، ئەوانەی دەستیان بەسەر کارگە و ناوەندی بەرهەمهێنان و کەرەستە و ئامێرەکاندا گرتووە و ملیۆنان دۆنم زەوی و شاخی پارەیان لە ژێر خاوەندارێتی تایبەتی خۆیان بردووە. حکومەت و سوپایان کردووە بە خزمەتکار و چاودێرێکی دڵسۆزی سەروەت و سامانە کەڵەکەبووەکانیان.

لە لایەکی ترەوە ملیۆنەها کەسی بێبەش هەن؛ ئەوانەی سواڵ لە کەمینەیەکی خزمەتکاری دەوڵەمەند دەکەن بۆ ئەوەی ڕێگەیان پێبدەن کار بکەن. کاری ئەمانەیە کە دەوڵەمەندەکان دروست دەکەن؛ بەڵام ئەوان خۆیان بە درێژایی ژیانیان ناچارن بۆ یەک پارچە نان بجەنگن؛ سواڵ بکەن بۆ کار، وەک ئەوەی داوای خێرخوازی بکەن؛ هێز و تەندروستی خۆیان بە کاری پشت شکێن تێکدەدەن و لە خانوی گوندنشینی زەلیل یان ژێرزەمین و کۆگاکانی ژێرزەمین لە شارە گەورەکاندا لە برسێتیدا دەمرن.

بەڵام ئێستا ئەم کرێکارە بێبەشانە شەڕیان دژی چەوساندنەوە و ئیستغلالکارە دەوڵەمەندەکان ڕاگەیاندووە. کرێکارانی هەموو وڵاتان خەبات دەکەن بۆ ڕزگارکردنی کار لە کۆیلایەتی کرێ، لە هەژاری و پێویستی. ئەوان خەبات بۆ سیستەمێک دەکەن کە سامانی کاری دەستەجەمعی، نەک چەند دەوڵەمەندێک، سوود بۆ هەموو کەسێک بگەیەنێت کە کار دەکات. دەیانەوێت زەوی و کارگە و ناوەندەکانی بەرهەمهێنان و ئامێرەکان بخەنە ژێر خاوەندارێتی هاوبەشی هەموو کرێکارەکانەوە. دەیانەوێت کۆتایی بە کەلێنی نێوان دەوڵەمەند و هەژار بهێنن، بەرهەمی زەحمەت بۆ خۆیان بگەیەننە کرێکاران؛ پێویستە هەموو دەستکەوتە فیکرییەکانی مرۆڤ و هەموو باشترکردنی شێوازەکانی کارکردن بۆ باشترکردنی چارەنووسی ئەو کەسەی کە کاردەکات بەکاربهێنرێت، نەک بۆ ئەوەی بیکاتە کەرەستەی ستەمکاری بۆی.

هیچ هێزێک لەسەر زەوی نییە بتوانێت ئەو ملیۆنەها کرێکارە لەت بکات کە خەریکە زیاتر هۆشیاری چینایەتی بەدەست دێنی و یەکگرتوویی و ڕێکخستن فێردەبێ. هەر شکستێک کە کرێکاران تووشی دەبن، تێکۆشەرانی نوێ دەهێنێتە ڕیزەکانی خەبات، چاوی جەماوەری فراوانتر بەڕووی ژیانێکی نوێدا دەکاتەوە و بۆ خەباتی نوێ ئامادەیان دەکات.

ڕەوتی ڕووداوەکان کە ڕووسیا پێیدا تێدەپەڕێت بە جۆرێکە کە بە دڵنیاییەوە ئەم بەئاگاهاتنەوەی جەماوەری کرێکار خێراتر و بەربڵاوتر دەبێت و پێویستە ڕیزەکانی پرۆلیتاریا یەکبخەین و هەموو هەوڵێک بدەین بۆ خەباتێکی زۆر ئیرادەدارتر ئامادەی بکەین، شەڕ تەنانەت دواکەوتووترین توێژەکانی پرۆلیتاریای ناچار کردووە کە گرنگی بە کاروباری سیاسی بدەن. شەڕەکە زیاتر و زیاتر گەندەڵی ڕژێمی تۆتالیتاری و کۆی تاوانکاریی پۆلیس و باندی سیستەمی دادوەری حوکمڕانی ڕووسیا بە ڕوونی نیشان دەدات.

ڕووسیای کۆن لە مردندایە و ڕووسیایەکی ئازاد جێگەی دەگرێتەوە. ئەو هێزە ڕەشانەی کە پاسەوانی دەسەڵاتی ڕەهای تزاریان دەکرد، خەریکە دەخنکێن. بەڵام تەنیا پرۆلیتاریای ڕێکخراو و چیناس توانای ئەوەی هەیە گورزێکی کوشندەیان لێبدات. تەنیا پرۆلیتاریای ڕێکخراو و چیناس دەتوانێ ئازادییەکی ڕاستەقینە، نەک ساختە، بۆ خەڵک بەدیبهێنێت. تەنیا پرۆلیتاریای ڕێکخراو و خاوەن هۆشیاری چینایەتی دەتوانێت هەموو هەوڵێک بۆ هەڵخەڵەتاندنی خەڵک، سنووردارکردنی مافەکانیان و بۆ ئەوەی بیانکات بە ئامراز لە دەستی بۆرژوازیدا پوچەڵکاتەوە.

**هەڤاڵانی کرێکار!**

کەواتە با بە وزەی زیاترەوە خۆمان بۆ ئەو شەڕە چارەنووسسازە ئامادە بکەین کە خەریکە ڕوودەدات! با ڕیزەکانی پرۆلیتاریا سۆسیال دیموکراتەکان لە نزیکەوە کۆببنەوە! با پەیامەکەیان بە فراوانی بڵاوبێتەوە! با چالاکی بۆ داخوازی کرێکاران تا بتوانرێت بوێرانە ئەنجام بدرێت! با ئاهەنگی یەکەمی مانگی ئایار هەزاران تێکۆشەری نوێ بۆ دۆزی ئێمە ڕابکێشێت و هێزەکانمان زیاد بکات لە شەڕی مەزنی ئازادیی هەموو مرۆڤەکاندا، بۆ ڕزگارکردنی هەموو خەڵکی زەحمەتکێش لە ژێر کەڵبەی سەرمایە!

**بژی ٨ کاتژمێر کارکردن لە ڕۆژێکدا!**

**بژی شۆڕشی نێودەوڵەتی سۆشیال دیموکراسی!**

**بڕوخێ ڕژێمی تزاری تاوانکاری تاکڕەو!**

**وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: توانا حەمە نوری**

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە



پرسی ژن

؟

بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکییەکانی توندوتیژی و ڕێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ژمارەیەکی دا لە ڕێگای وتار، دیمانە،

ڕاپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشك دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستنە ڕووی ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە

بەرپرسی گۆشە: شوانە حەسەن ئەبوبەکر

# ڕۆڵی ئافرەت لە بڕیاردانی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا "

## نوسینی/ شاگوڵ موسڵح ئەنور...

### پێشەکی

بەشداریی ئافرەت لە کایەی سیاسیدا بریتییە لەو چالاکییانەی کە ئافرەت ئەنجامیان دەدات لە پیادەکردنی مافە سیاسی و شارستانییەکانی خۆی، وەک: مافی دەنگدان و خۆکاندیدکردن بۆ ئەنجومەنی نوێنەران، ئەنجومەنە خۆجێیەکان، بەشداریکردنی لە سەندیکا و ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و ئازادیی ڕادەربڕین و یەکسانبوونیان لەگەڵ پیاوان لە بەردەم یاسادا.

### بەشداریی ئافرەت لە کایەی سیاسیدا:

ئاشکرایە بنەمای یەکسانی، یەکێکە لە گرنگترین بنەما سەرەکییە دەستوورییەکان کە هەموو ماف و ئازادیە گشتییەکانی لەسەر بەندە، لە نێوانیشیاندا مافی سیاسی؛ بەڵام شتێکی تر لە پێدانی مافی ئافرەت گرنگترە، ئەویش پاراستنی سنوور و کەرامەتی ئافرەتە. بە واتایەکی تر، پاراستنی پێگەی ئافرەت شوێنی بالاتر و وردتری هەیە لە پێدانی مافەکانی. سەرباری سەرجەم یاسا و بڕیارە نێودەوڵەتی و ناوخۆیییەکانی تایبەت بە مافەکانی ئافرەت، کەچی هێشتا لە ئەرزی واقعدا ژنان بەدەست جیاکاریی جێندەرییەوە دەناڵێنن. ئەم کێشەیەی ئافرەتان لە بڕیاردانی سیاسی، تەنیا تایبەت نییە بە کۆمەڵگەی کوردستان، بەڵکوو کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانیش زۆر جار مافی تەواویان بە ڕەگەزی مێیینە نەبەخشیوە. بۆ نموونە لە زۆرێک لە وڵاتانی ڕۆژاوا، بەتایبەتیش لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تا هەنووکەیش سەبارەت بە هەقدەستی کارکردن (wage)لە زۆرێک لە بوارەکاندا، بەتایبەتیش بوارە پیشەیییە تەکنەلۆژییەکان، لە نێوان نێر و مێدا جیاوازی هەیە. زیاد لەمەیش ئەم جیاوازییە لە هزری بیرمەندان و فەیلەسووفانیش ڕەنگی داوەتەوە؛ بۆ نموونە، جۆن لۆک لە سەرەتای سەرهەڵدانی ڕەوتی لیبراڵی لە سەدەکانی هەڤدەیەم لە هزری سیاسیدا بەڵێنی یەکسانیی بە ئافرەت دا و باسی پێکەوەژیانی مرۆڤەکانی دەکرد بە هەر دوو ڕەگەزەوە؛ بەڵام هەندێک توێژینەوە دەری دەخەن جۆن لۆکیش تەنیا باسی پیاوی کردووە؛ ناکرێت وەک بیرمەندی یەکسانیی جێندەری و ڕزگاریی ژن سەیر بکرێت. تەنانەت "هۆبز"یش کە بە یەکێکی تر لە بیرمەندانی پەیمانی کۆمەڵایەتی هەژمار دەکرێت، پلەیەلی زۆر نزمتر بە ئافرەت دەبەخشێت بەرامبەر بە پیاو.

جگە لەمە ئەگەر لەسەر زمانی ئەدەبیاتی جیهان لە گشت بوارەکان، بەتایبەتیش لە بواری سیاسی ورد ببێنەوە، دەبینین کە جـۆرە پیاوسالارییەک لەناو ئەدەبیاتەکەدا ڕەنگی داوەتەوە. بێ گومان ئەوەی لە زەینی مرۆڤدا بێت دێتە سەر زمانیش. تا پێش چەند ساڵێک لە زمانی ئینگلیزیدا، بە "گوتەبێژ"یان دەگوت spokesman، بە بازرگانیشیان دەگوت businessman.لەم دواییانەدا و پاش وەرگرتنی ئەم کار و پۆستانە لە لایەن ژنانەوە، ناچار هەر یەک لەم چەمکانەیان گۆڕی بۆ spokespersons و، businesswomanیشیان زیادکرد. لە زمانی کوردیشدا هەمان دۆخ بەرقەرارە. زۆرن ئەو پەندانەی کە بەسەر شان و باڵ و دەستڕۆیی پیاواندا گوتراون و جەخت لەسەر باڵادەستبوون و عەقڵانیتربوونی پیاو دەکاتەوە و ئافرەت وەک "زەعیفە" وەسف دەکات. ئەمانە سەر دەکێشێت بۆ ئاستەنگ دروستکردن لە بواری بەشداریی سیاسی و بڕیاردانی سیاسیی ئافرەت.

کۆمەڵگەی کوردییش بێبەری نییە لەم جیاکارییەی ژن و پشتگوێخستنی ڕۆڵی ژنان لە کایە سیاسییەکان. هەرچەندە هەندێک لە ژنانی کورد پێگە و ڕۆڵی زۆریان هەبووە، وەک خانزادی میری سۆران، مەستوورەخانی ئەردەڵان و چەندانی تر هەن کە ناویان لەنێو کورد بە زیندوویێتی ماوەتەوە. لەم دوایییانەیش چەند هەوڵێک دراوە بۆ زیاتر پەلکێشانی ئافرەت بۆ نێو کایەی دەسەڵات و یەکە کارگێڕی و حکوومییەکان. لە دەستووری عێراقیشدا باس لە پاراستنی مافەکانی ئافرەت دەکات و بەپێی یاسای ژمارە (٢٣) ساڵی (٢٠٠٣) لە هەرێمی کوردستانیش هاتووە کە، "ئەو ئافرەتەی مۆڵەتی منداڵبوون یان دایکایەتیی هەبێت، بە درێژاییی ماوەی مۆڵەتەکەی مووچە و دەرماڵەی تەواوی پێ دەدرێت." ئەمە نموونەیەکە لەو دەستکەوتە وەدیهاتووانەی مافی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان. ئەگەرچی "عیبرەتی یاسا لە جێبەجێکردنیدایە"، بەڵام بوونی زەمینەی یاسایش بەشێکی گرنگە لە چەسپاندنی مافەکانی ئافرەتان.

لە مێژووی حوکمڕانیی کورددا ژن بە چەند وێستگەیەکی جیاجیا تێ پەڕیوە و بەپێی شوێن و کات لە سیاسەت و بڕیاردان گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە. بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی تری ڕۆژهەڵات، لە هەرێمی کوردستاندا ئافرەتان لە کاروباری سیاسیدا ڕۆڵی کارایان هەیە و بە ئاراستەی پێشکەوتنێکی دیار دەڕوات. لە ئێستایشدا سەرۆکی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان ئافرەتە. لە سیستەمی هەرێمییشدا ڕێژەی بەشداریی ژنان بۆ ٣٠٪ بۆ پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگە و ئەنجومەنە خۆجێیەکان دانراوە و، بەڵام وەک ئەوەی ژنان بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی بن و پەیوەست بن بە کاروباری کۆمەڵایەتی و پەروەردە و بواری تەندروستییەوە و تەنیا بۆ ئەم بوارانە شیاو بن، لە لیژنەکانی پەیوەست بە ئەمن و ئاسایشی نەتەوەیی و دارایی و ناوخۆ و پێشمەرگە جێگەیان نەبۆتەوە. تاکوو ئێستایش هیچ ژنێک نەبۆتە سەرۆکی حزبێکی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا. هەروەها لە هیچ کابینەیەکدا ژن نەبۆتە سەرۆکوەزیران یان جێگری سەرۆکوەزیران؛ لە پارێزگەکانیشدا هیچ ژنێک نەکراوە بە پارێزگار و جێگری پارێزگار. بۆ پێگەی سەرۆکایەتیی هەرێم و جێگرەکەیشی ئەم گوتەیە هەر ڕاستە. پرسێکی گرنگی وەک بەشداری و ڕۆڵی ئافرەت لە کایەی سیاسی بە شێوەیەکی یەکسان شان بە شانی پیاو، تەنیا ئەرکی دەوڵەت و حزبە سیاسییەکان نییە، چونکە ئەو دوانە لە کۆمەڵە کەسێک پێک دێن کە زۆر جار خۆیان باوەڕیان بە وەها دیاردە و پێویستییەک نییە. ئەوەی گرنگە هۆشیارکردنەوەی خودی ئافرەت خۆیەتی لەگەڵ گرووپە جیاوازەکان و ڕێکخراوەکانی تایبەت بە مافی ئافرەت و مافی مرۆڤ بۆ ئەوەی گوشاری سیاسی دروست بکەن تا ئاستەنگەکانی بەردەم ژنان لە کاروباری سیاسی کەم بکەنەوە. پێشێلکردنی مافی ئافرەت لە هەرێمی کوردستاندا، جیاوازە لە پێشێلکردنی مافی ئافرەتی وڵاتانی تر، چونکە ئافرەتی کورد لە لایەک ڕێگەی داب و نەریتەوە مافی پێشێل کراوە، لە لایەکی تریشەوە وەکوو مرۆڤ مافی پێشێل کراوە.

### بەگشتی ئاستەنگەکانی بەردەم کاری سیاسیی ئافرەت لە چەند خاڵێکدا کۆ دەبێتەوە لەوانە:

یەکەم: سەروەربوونی ئەو چەمکانەی کە دژی مافی ئافرەتن و ئەو داب و نەریتانەی لە کۆمەڵگەدا باون و دژی کاری سیاسیی ئافرەتن. ئەمە جگە لەو بیر و بۆچوونانەی کە لە مێشکی ئافرەتانیان چەسپاندووە لە ئاستی خوارەوەی کۆمەڵگەدا، کاتێک سیاسەت وەکوو کایەیەکی "گڵاو" وێنا دەکەن و باڵادەستیی پیاو دەسەلمێنن. لێرەدا ژنان بە حەزی خۆیان لە کاری سیاسەت دوور دەکەونەوە بۆ ئەوەی گڵاو نەبن. ژنان بێئاگان لەوەی سیستەم لە پێناو قازانجی زیاتردا دەیەوێت ژن وەکوو کاڵایەک بەکار بهێنێت و لە کاری سیاسیدا دووریان بخاتەوە و لەنێو چەند بوارێکی کاڵاییدا نوقمیان بکات، چونکە سیستەم بە ئاگایییەکی تەواو ژنان بەرەو بابەتەکانی وەک فاشن و شاجوان و ڕازاندنەوەی مێزی گفتوگۆکان دەبات. تەنانەت لە دراماکانیشدا کەسایەتیی ئافرەت ئەوە نییە کە دەیەوێت کەسایەتییەکی بەهێز بێت, بەڵکوو زۆرتر وەک کاڵایەکی جەستەیی نمایش دەکرێت.

دووەم: نەبوونی هۆشیاریی پێویست لای ئافرەتان خۆیان سەبارەت بە گرنگیی بەشدارییان لە کاری سیاسیدا و هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی مافە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان. ژنان خۆیان لە کاروباری ڕۆشنبیری و سیاسەت دوور ڕادەگرن و زیاتر خۆیان بە میدیا و گۆڤارەکانەوە سەرقاڵ کردووە.

سێیەم : باڵادەستبوونی پیاو و ڕوانگە پیاوسالارییەکەی بەسەر کایە و جومگەکانی دەوڵەت و دامەزراوەکان و ئابووریی وڵات و قۆرخکردنی پلە و پۆستە باڵاکان لە لایەن پیاوانەوە.

چوارەم: دابەشکردنی ڕۆڵە تەقلیدییەکان لە نێوان ژن و پیاو لە کاروباری کۆمەڵایەتی و خێزانییەکاندا، کە هەمیشە ئافرەتان لە پەروەردەکردنی منداڵ و چاودێریی خێزان و بەڕێوەبردنی ماڵدا پشکی شێریان بەردەکەوێت. لەم کۆمەڵگەیەدا هەمیشە هەوڵ دراوە پەیوەندیی ئافرەت لەگەڵ چێشتخانەکەی بکەنە پەیوەندیەکی سروشتی؛ ئەم بیرۆکەیەیش لە مێشکی ئافرەتاندا بسەپێنن بۆ کەمکردنەوەی ڕۆڵی ئافرەتان.

پێنجەم: ڕۆڵی نەرێنیی ئامرازەکان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن؛ بەتایبەتیش ئەو کەناڵانەی لەژێر کاریگەریی بیری نێرسالاریدان ئافرەتیان کردۆتە دیلی ئەو بۆچوونە هەڵانەی کە گوایە لە بەشداریی چالاکییە گشتییەکانی کۆمەڵگەدا کەم توانان.

شەشەم: کەمی ئەو ڕێکخراوانەی کە لە بواری کاروباری ژنان و بەرگریکردنی ڕاستەقینەی دۆزی ژنان چالاکن و، سەربەخۆ بن و پاشکەوتەی حزبەکان نەبن؛ ئەو حزبە سیاسییانەی تەنیا بۆ ئارایشی سیاسیی ڕووی حزبەکەیان کەمێک بوار بە ئافرەت دەدەن و لە بنەڕەتدا هیچ ڕۆڵێکی ئەوتۆیان نییە و خاوەن بڕیاری خۆیان نین.

حەوتەم: بڵاوبوونەوەی دوو دیاردەی کوشندە؛ یەکەمیان دیاردەی هەژاری کە بە شێوەیەکی گشتی ڕۆڵی ئافرەتان لە بەشداریی ئابووری و سیاسی کەم دەکات. بەتایبەتی جێی دڵخۆشی نییە لە وڵاتێکدا کە ژن خاوەنی بڕیاری ئازادانە نەبێت لە ژیانی خۆیدا و دەوڵەتیش خەمی دابینکردنی بیمەی ئابووری و کۆمەڵایەتیی نەبێت، ئافرەتان هەمیشە لە بارگرانیی بەڕێوەبردنی ماڵدا پشکی شێریان بەردەکەوێت. دووەمیش، دیاردەی بازرگانیکردن بە ئافرەتانەوە یاخود ئیستیغلالکردنیان لە لایەن پیاوانەوە، کە ئەویش هەر بەرهەمی هەژارییە و

بۆ لاپەڕە 12

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان رێك دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر،وریای رەسام، حەکیم میرزا

گۆشەی ئەدەب و هونەر



# چەند شیعریکی: خالید بایەزیدی (دلێر) مەهاباد

١

من کرێکارێکم
دەستەکانم قڵیشاوە
قاچەکانم ماندوو هیلاك
پێکەنینم
بە هەورەکانەوە ..
توند توند
گرێ داوە
هەرکات بارانێك دەبارێ
مناڵەکانم
خورپەیەك دایان دەگرێ و
بە خەمباریەوە دەڵێن:
تۆ بڵێی :
هەورە بروسکەی بەهاری
باوکمانی نە سووتاندبێ ..
چرای ژیانمانی نەکوژانبێتەوە ؟
کاتێ باران و هەورە بروسکە
کۆتایی دیت ..
من و جەستەیەکی باراناوی
بەچاوێکی پڕ بە هەورەوە
دێینە ژوورێ
هەر ماڵە و گونایەکم ماچ دەکە ن و
یەکەیەکە
هەورەکانی نیگاشم
بەسەر خۆیان دابەش دەکەن ..
منیش کۆتری خەیاڵم
هەڵدەفرێ و
کڵاوەکەی ( لینین )
دەکاتە هێلانەی خۆی

٢

لەو باوەڕەدا نیم
شاعیران بمرن
شیعرەکانیان
درەختێکە
کە هەموو بەهارێك
خونچەی تازە ئەکەن
مەلەکان لەسەر چڵی
ئاوازی نەمری
دەخوێنن

*****




# زمانی شیعر و بێ هاوتایی دەنگ و هونەری موزیك... بەنموونە لای "ئەحمەد محمد" و "كازم ساهر"...

## نوسینی/ جەمال نوری

هونەر پێویستییەکە؛ چونکە لە پرسیاری مرۆڤ سەبارەت بە نهێنی بوونی خۆی، سەبارەت بە مانای ژیانی و درێژکردنەوەی سنوورەکانی، و لە بایەخی کارەکەی لە کۆتایی ڕێگاکە گرنگی پێدەدا..

## زمانی شیعرو ئاوێتە بوونی دەنگ

شیعر بە زمانێکی باڵادەنوسرێ، زمانی شیعرلای ئەحمەد محمەد زمانێکە پڕە لە موزیک، موزیک تێیدا لەوپەڕی چڕبوونەوەیدایە. زمانێکە لەگەڵ موزیکدا پێکەوە لە دایک دەبن و هەر دەڵێیت بۆ گۆرانی خوڵقاوە. هەر شیعرێک بکەوێتە خانەی داهێنانەوە، بەشداری لە جوانترکردنی زمانیشدا دەکات. شیعری جوان ئاوی ژیانی زمانە، لێ ناگەڕێت گوڵی زمان بژاکێت....

ئەگەر شیعر ئەرکێکی دیکەی هەبێت، تەنیا ئەوەیە کارێک بکات، ئینسان هەست بە ئینسانبوونی خۆی بکات. زمانی شیعر زمانێکە بزۆز نەک جێگیر، لە ناخی هەموو شاعیرێکدا، زمانزانێکی داهێنەر هەیە. شاعیر لەو زمانەی کەسانی دیکە پێی دەدوێن، زمانێکی شیعری دەخوڵقێنێت کە ئەفسوونی لێ دەتکێت و لە ناخەوە دەمانهەژێنیت. ئەگەر بە هۆی زمانی شیعرێکەوە، شیعر توانی سنورە دەستکردەکان ببڕێ و خۆی بناسێنێ بە کەلتورەکانی تری کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، ئەوا بەدڵنیاییەوە خودی ئەو دەقە شیعرە شەرەفی بونیادی شارستانیەتی مرۆڤایەتی پێبڕاوە، وەک لای ئەحمەد محەمەدی شاعیر لەسەر ئەرزی واقیعدا توانیویەتی لەڕێگای زمانی شیعریەوە پەڕینەوەی شیعر لەناوچەیەکی دیاریکراو، بەرەو بە جیهانی بوون بەرێت، چون وشەو وێنەو زمان و خەیاڵ لەشیعری ئەحمەد محەمەددا هەڵگری پەیامێکی پیرۆزی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە، کەتەواوی گەلانی دنیا وەک خێزانێک تەماشا دەکات و بە هاوکاری و هەماهەنگی کردنی دەقی شیعر و بەرکەوتنی لەگەڵ خاوەن دەنگی ڕەسەن لە هونەری موزیک، خۆی لەخویدا ئێستاتیکای جوانی و هارمۆنیەت و ئاوێتە بوونیان، شاکارێکی باڵای هونەری دەخوڵقێنێ وەک ئەو تێکستەی ئەحمەد محەمەدی شاعیر بۆ گۆرانیەکی هونەرمەندی گەورەی عەرەبی و جیهانی (کازم ساهیری) بنوسێ.

شاعیری داهێنەر جۆرە پێوەندییەکی وا لە نێوان وشەکاندا دەهێنێتە ئاراوە کە مانای تازە دەبەخشێ بەهەست، زمانی شیعرو دەنگ و موزیک چەمکی پەڕینەوە دەخولقێنێ. پەڕینەوە"، چەمکێکی فراوانە و لە هەر کۆنتێکستێکدا لێی بڕوانین، خاڵی دەرچوون و هەنگاونان و ناجێگیریە، پڕۆسێسی گواستنەوەیە لەدۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر، هەڵگری پەیامی بەرەو پێشچونە و لەهەمان کاتدا جێگیرنەبونە لە یەک شوێن و کاتی جوگرافیدا، یاخود



مانەوە لە بۆتەیەکی دیاریکراوی هزری و مەعریفی دا.

ئەو هەماهەنگی و پێکەوە کارکردنەی ئەحمەد محەمەدی شاعیر و کازم ساهیر قەیسری گۆرانی عەرەبی و ئاوازو موزیک پەیوەندیەکی ئۆرگانی نێوان هونەری دەنگ و زمانی شیعر و ئاوێتەبوونێکی هارمۆنیە لەنێوان هەرسێ ژانەرەکەدا خۆی لەخۆیدا چەمکی پەڕینەوە دێنێتە ئاراوە. واتە ئەم شێوازی کارکردنە جورێک لە پەڕینەوەی هونەرییە کە دەتوانێ سنورەکان ببڕێ و بپەڕێتەوە بۆ دوورتر بڕوا.

"پەڕینەوە"، جگەلە تێپەڕین لەپێگەیەکەوە بۆ پێگەیەکی دیکە، فرە لایەنانە زۆر ڕەهەندی تر دەگرێتەوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئەم شێوە ئاڕاستانەی وەرگرتووە. ئاراستە پەڕینەوەکەیان بووەتە هۆی پێشکەوتنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، و کرانەوەی دەرگا داخراوەکانی ئەقڵ و هۆش و هەنگاونان بەرەو پێشکەوتن.

دەکرێ ئەم شێوازە نوێی کارکردنەی نێوانیان ببێتە پەڕینەوە کەلەگەڵ خۆیدا هەڵگری خەم و کارەساتە تراژیدیاکانی گەلی کوردو وڵاتی دووڕووبارەکە بێت لەیەک کاتدا.

لێرەوە دەتوانین بڵێین، ئەم چەمکە کارا و ئامادەترین بووە لە ژیان و ژیاری ئێمەدا، و وایکردوە بەردەوام لە باری پەڕینەوە دابین، لە ژیانەوە تا مردن، لەبەرئەمەیە بابەتی "پەڕینەوە" باسێکی گرنگ بووە لە دنیای هونەری جیهانی و فرەچەشنانە ئاماژەی پێدراوە لە کایەکانی هونەری سەردەمدا. ئەمەش بەو هۆکارەی پێکداچونێکی راستەوخۆ و راستیگەری هەیە لەگەڵ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا بەگشتی. کۆمەڵگەی کوردیش، بەهۆی ئەو بارودۆخە جوگرافی و ئاینی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و کلتورییەی کە هەیەتی، پێویستی بە پڕۆسێسی پەڕینەوە دەبێ تاوەکو بە جیهانی دەرەوەی خۆی بناسێنرێ..

*****

# قڕناقاو پشت ئاشان، تاوانێکی لەبیر نەکراو

## ئامادەکردنی: دیار نامیق



کارەسات و تاوانی جەنگی ناوخۆو دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی، برینێکی بەسوێیە. لە ناو ئەم جەنگانەدا، تاوان و روداوی پشت ئاشان... ڕووداوێکی لەبیرنەکراوە... ئاستی دڵرەقی و توندوتیژ و کوشتاری دیل و زەماوەند گێران لەسەر لاشەی لەخوێن هەڵکێشراوی قوربانیان، ئەو تاوانەیە کە هەرگیز ناتوانرێت لە بیربکرێت و ئەم دۆسیەش بەئاسانی دابخرێت، لە کاتێکدا، نەخشەدارێژەران و کاراکتەرە دیارەکانی ئەم تاوان کارییە، نەک بەسزای یاسایی نەگەیشتن، بەڵکو وەکو کاراکتەری لاباک و بەپرسی حزبی لەکوردستاندا، لەمەیدانی سیاسیدا، ئامادەییان هەبوو و بەدوای ئەم تاوانەشدا دەستیان لە کردەوی و سەرکوتگەرانە و کوشتار هەڵنەگرت. لەوانەیە روداوی ١٤/ ٧ سلێمانی و کوشتاری پولێک ئینسانی کۆمۆنیست، لەناوجەرگەی سلێمانی و بەبەچاوی خەڵکی و بەرۆژی روناک، راستی خوی قەسابی بوونی ئەو کاراکتەرانە نیشان دایەوە. شایانی باسە ئەم راپۆرتەی خوارەوە دیار نامیق ئامادەیکردووە و ئێمەش وەکو بلاوکراوەی بۆپێشەوە یەک دوو پەرەگرافمان بە پێویست زانییەو بۆمان زیاد کردووە و وە لەبەر گرنگی بابەتەکە و بێدەنگی میدیای نۆکەرو موچەخۆر بەپێویستمان زانی جارێکی تر لێرەدا بلاوی بکەینەوە. ئەم راپۆرتە گۆشەیەک لە زانیاری و ئەو دڵرەقیەمان نیشان دەدات، کە یەکێتی نیشتیمانی و بەدیاریکراوی بەرپرسی سەربازی ئەو هۆلۆکۆستە نەوشیروان مستەفا و هێزەکەی لە ساڵی ١٩٨٣ئەنجامیان داوە. ئەمانە بەو هەموو تاوانکارییەوە هیشتا لەلایەن خیلێک لە نووسەرو دەروێشی سیاسی وەکو کاریزما دەرخواردی کۆمەڵگە دەدەرێن و ئەوەی جێگای هەڵوێستەشە، میدیای بەناو ئەهلی راگوزەریش ئامادەنین هەڵوێستەیەک لەم روداوە بکەن.

### نەوشیروان موستەفا بۆچی 70 دیلی شیوعی کوشت؟

لەیادی کارەساتی ١ ئایار کوشتنی شیوعیەکان بەدەستی یەکیتی و بەتایبەت نەوشیروان مستەفا تا کۆتاییەکانی ساڵانی حەفتاو سەرەتاکانی ساڵی هەشتا پشت ئاشان وەک ناوچەیەکی چۆڵ مایەوەو هیچ کەس و لایەنێک لێی نیشتەجێ نەبوون، تا ئەوەی لەساڵی 1982 حزبی شیوعی لە نۆکانەوە بەرەو پشت ئاشان بەڕێکەوتن و بەبڕیارێک ناوچەکەیان کردە بارەگای سەرەکی خۆیان. بەشداریکردنی حزبی شیوعی شانبەشانی پارتی و سۆسیالیست وەک بەرەی جود لە یەک بەرەی نیشتمانیدا، یەکێتی لەحزبی شیوعی سەغڵەت کرد و پەیوەندیەکانیان لەناوچەی سلێمانی بەرەو ئاڵۆزی ڕۆیشت، چونکە تا ئەوکاتە یەکێتی نیشتمانی کوردستان پەیوەندیی و ڕێککەوتنی لەگەڵ حزبی بەعس هەبوو، لە هەمان کاتیشدا حزبی بەعس و حزبی شیوعی دژایەتی خەستیان لە نێواندابوو، نزیکبوونەوەی شیوعی لە حسک و پارتی، بەلای بەعس و یەکێتییەوە جێی قبوڵکردن نەبوو. هەر بۆیە یەکێتی لەهەلێک دەگەڕا بۆ ئەوەی تۆڵەی خۆی بکاتەوە، هەروەک ئەو نووسەرانەی لە شاخ بوون، لە یادوەرییەکانیاندا ئاماژەیان بەوەداوە کە ڕووداوە بەهاوکاری و هاندانی بەعس بووە. یەکێتی لە لە 1ی ئایاری 1983 ولە رۆژی جیهانی و نێونەتەوەیی کرێکاراندا، هێزێکی زۆری کۆکردەوە بۆ لێدانی ئەو لایەنانەی بەرەی جود لەوانە (حسک و پاسۆک و حزبی شیوعی) بارەگای سەرجەمی ئەو لایەنانەش لەناوچەکانی قەندیل گیرسابوونەوە، ئەمەش بۆ یەکێتی کارێکی ئاسان بوو کە بەهێرشێک دەستی خۆی بوەشێنێت، هێرشەکەی یەکێتی بەسەرکردایەتی نەوشیروان موستەفا کرایە سەر بناری قەندیل و بارەگای سەرکردایەتی هەر سێ حزبەکە. نەوشیروان مستەفا لە کتێبی پەنجەکان یەکتری دەشکێن دا بەر لە دەستپێکردنی شەر بۆ سەر بارەگاکانی سەرکردایەتی جود دەڵێت" ئێمە هێزەکانمان لە زەڵی کۆکردەوە. مام جەلال هات بۆ خواحافیزی و، وتارێکی بەسۆزی بۆ دان و، داوای لێکردن ئەرکەکەیان بەچاکی بە جێ بهێنن، بەپەلە بەڕێ بکەون بۆ رزگارکردنی هاوڕێکانیان لە مەڵبەندی ٤ لەگەمارۆی جود" هەروەها هەر نەوشیروان دەڵێت" رەمزی دەسپێکردنی پەلاماردان بانگەواز بو، کە ئەبو لە رادیۆوە بڵاوبکرێتەوە، پەندێکی کۆنی کوردی بو: "تۆڵە بەسەبرە، ئەمما بەزەبرە!" رادیۆ دەستی کرد بە خوێندنەوەی بانگەوازەکە. ناوی خوامان لێ هێناو کەوتینە ڕێ..." بۆ ئەمەش قادر ڕەشید دەڵێت: نەوشیروان موستەفا سەرکردایەتی ئەم هێزانەی دەکرد لەپەلامارەکەیدا بۆ سەر قەڕناقاو ئاشقوڵکەو ڕەزگەو پشت ئاشان کە بە درندەترین شێوە نزیکەی 75 دیلی شیوعییەکانی کوشت و لەشەڕەکەشدا نزیکەی 600 کەس کوژران. نەوشیروان موستەفا دەڵێت: بڕیارماندا پەلاماری سەرکردەکانیان بدەین. یەکێتی هێرشەکەی ئەنجامداو بەماوەیەکی کەم و بەزەرەرو زیانێکی ئێجگار کەمەوە پەلاماری ناوچەکانیدا. قادر ڕەشید کە ئەودەمە بەرپرسێکی باڵای ئەو حزبە بووە لەکتێبەکەیدا دەڵێت: لەماوەیەکی کەمدا توانیان دەستبگرن بەسەر ناوچەکەداو ئیتر بارەگاکانی هەرسێ حزبەکەی بەرەی جود (حشع و حسک و پاسۆک) کەوتە ژێر ڕەحمەتیان و شەلم کوێرم ناپارێزم و ئەوەی توانیان لەکوشتن و بڕین و تاڵانی کردیان. نەوشیروان موستەفا لە رێگەی ئێزگەوە رایگەیاند بوو: دیلم ناوێت، پەرێزتان پاک بێت. ئەمەش پەیامێک بوو بۆ هێزەکانی یەکێتی کەدیل بکوژن و پەرێزی خۆیان بەکوشتنی دیل پاک بکەنەوە.

سوکایەتیکردن بەئافرەتە شیوعیەکان ئەنجامی شەڕەکە شکانی هەر سێ لایەن و سەرکەوتنی یەکێتی لێکەوتەوە، لەو شەڕەدا زیاد لە "688" ئەندامی حزبی شیوعی لەناوچون و ژمارەیەکی زۆریش بەدیلگیران، ئەوەی توانیان لەکوشتن و تاڵان و بڕین کردیان، خێزانەکان بەدیل گیران، (فریشتە و فەیروزی) خێزانی فاتیح ڕەسوڵیان بەدیلی برد بۆ بارەگاکانی خۆیان و سوکایەتیان پێکردبوون. حزبی شیوعی و ئەو کەسانەی کە لەشەڕەکەدا بەشداربون و لای یەکێتی دیل بوون باسی چەندین سزاو سوکایەتیان کردووە. قادر رەشید لە کتێبەکەیدا "پشتئاشان لەنێوان ئازار و بێدەنگیدا" نووسیویەتی "نەوشیروانییەکان پەنجەی کچێکیان بەناوی "ئەحلام" بڕیوە بۆ ئەوەی ئەڵقەکەی لێ ببەن، تەرمی پێشمەرگەیەک بە ناوی عەلی حوسێن لە ژێر خاک دەردێنن بۆ گەڕان بە دوای چەکەکەیدا و تەرمەکەشی لە رۆخی رووبارەکە بە جێدێڵن، کەسێک بە ناوی ئەبو مەکسیم کە خاوەنی 7 منداڵ دەبێت بە بێ ئەوەی دەست بکاتەوە دەدرێتە بەر رێژنەی گوللە و دەکوژرێت، ئەو دیلانەی پارەیان پێبووە رووت دەکرانەوەو دەکوژران".

نەوشیراوان مستەفا و پشت ئاشان: یەکێک لەو پێشمەرگانەی کارەساتی پشتئاشان رزگاری بووە هاوڕێ سەربازە، لەو سەنگەرە بووە، کە لە25 پێشمەرگە تەنیا 5 پێشمەرگە رزگاریان بووە، ئەوانی تر کوژراون، بەم شێوەیە رووداوەکە دەگێڕێتەوە: رۆژی 1ی ئایاری 1983 نەوشیروان مستەفا نامەیەکی بۆ بارەگای ئێمە نارد، هاوڕێ قادر نامەکەی بۆ خوێندینەوە، کە ناوەڕۆکی نامەکەی دەڵێت: هاوڕێیانی حیزبی شیوعی مەترسیتان نەبێ، ئێمە پابەندی رێکەوتننامەی نێوانمانین، ئەو هێزەشمان بۆ سەرکردایەتی سۆسیالیست کۆکردۆتەوە، بەلای ئێوەدا ڕەت دەبین، تکایە ڕێگامان لێ مەگرن، بۆ گرتنی سەرکردایەتی سۆسیالیست. لەگەڵ خوێندنەوەی نامەکە هاوڕێ مام رەسو گومانی هەبوو ئەو نامەیە بۆ خافڵاندنی ئێمە بێت. گوتی: دەڕۆم بۆ مەکتەبی سیاسی ئاگاداریان دەکەم، من لەگەڵیدا ڕۆیشتم کە گەیشتینە مەکتەبی سیاسی ئەبو عامل بەرپرسی مەکتەبی سەربازی حزب لەوێبوو، مام رەسول هەموو ئەو مەترسیانە و نامەکەی نەوشیروان و ئەو هێزە زۆرەی یەکێتی کە دەوروبەری ئێمەیان گرتووە و قەناعەتی خۆشی بۆ ئەبو عامل روون کردەوە. گوتی: یەکێتی لیمان دەدات بائاگاداربین، بەڵام ئەبو عامل بەرپرسی سەربازی حزبی شیوعی بەدووری زانی شەڕ لەنێوان ئێمە و یەکێتی ڕووبدات، گوتی ئێمە رێکەوتنمان لە26/4/1983 واژۆ کردووە، ئەو هێزانەش بەعس و جاشەکان بۆ سەر هێزی پێشمەرگە هاتون مەترسییەکە بۆ هەموو حزبەکانە، بێگومان مام رەسو زۆر هەوڵیدا قەناعەت بە حزب بکات، بەڵام بێ سود بوو، مام رەسو بەدڵگرانیەوە بە پەلە گەڕایەوە بۆ ساوێن کە گەیشتینەوە کاتژمێر 10 بوو، هاوڕێیانی کۆکردەوە کە 25 هاوڕێ بووین، دانیشتین مام رەسو بەپێوە وەستابوو قەناسێکی لەشان دابوو قسەی بۆ دەکردین لەسەر ئاڵۆزی ناوچەکە و رووبەڕووبوونەوە لەکاتی شەڕدا لەم قسانەدابووین گولەیەکی قەناس لەسەری مام رەسوی دا بەخێرایی هاوڕێ هەندرێن پەلاماری دا نەکەوێتە خوارەوە، ئیتر لەهەر چوار لاوە ئاربێجی و بیکێسی دەستیپێکرد، شەڕێکی دەستەویەخە رووی دا، تا توانیمان شەڕمان کرد و دواتر بەجیاجیا بەهۆی شارەزاییمان لەناوچەکەدا خۆمان گەیاندە ئاشقوڵکە، بەڵام جگە لەهاوڕێ قادر بەبریندار بەدیل گیرا و دواتر شەهیدیان کرد، بەداخەوە لەو سەنگەرەی ئێمە 20 هاوڕێمان لێ شەهیدبوو، کە دوویان برابوون شەهید قادر و شەهید عەبدوڵڵا. هەروەها دەڵێت نازانم ئەو هەموو تورەییەی یەکێتی بەرامبەر بەحزبی شیوعی چیبوو! چونکە لەم شەڕەدا کەسیان نەدەپاراست، تەنانەت دیلەکانیشیان کوشتن! نەوشیروان مستەفا ٧٥ کەسی لێ کوشتن

سەید کاکە، لەدیمانەیەکدا باس لە شەڕی پشت ئاشان دەکات، ئەو شەڕەی کە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بەسەرۆکایەتی نەوشیروان مستەفا ئەنجامیدا و هێرشی کردە سەر بارەگاکانی سەرکردایەتی حیزبی شیوعی و سۆسیالیست و پاسۆک، کە چەندین کادیری شیوعی و حیزبەکانی دیکە کۆمەڵکوژ کران. سەید کاکە جەخت لەوەدەکاتەوە کە لەو شەڕەدا بەعس هاوکاری یەکێتی کردووە. سەید کاکە بە شێوەیەک شەڕی پشت ئاشان و قەتڵوعامەکەی نەوشیروان مستەفا دەگێڕێتەوەو دەڵێت: یەکێتی لەگەڵ حکومەت ریککەوتبوو، رۆژی پێشتر حکومەت 500 تۆپی لێداین، کە یەکێتی هجومیان کرد شکان، ئێوارە بوو و من لەبەردەمیان بووم، فیشەکمان نەما، ناردم فیشەک بێت، گوتیان فیشەک نییە، کە فیشەک نەبێت سبەی هجوم بکات چی دەکەی؟ گوتم سەحب بکەن، بەشیوعیەکانیشم گوت لێرە ئاوا دەبین دەچینە قەندیل، هەمووتان سەحب بکەن. بەوانەی خۆشمان گوت، کە فیشەکتان نییە بۆ دەخەون، بڕۆنە قەندیل. لەوێ بەڕێمکردن، کەمێک غافڵام، سبەی لەگەڵ رۆژهەڵات هجومیان کردو تەقەمان لێکردن، نەیانتوانی سەرکەون، تا ئێوارە سەبر سەبرە رۆیشتن، شکانەکەمان بەو جۆرە نەبوو. بەڵام شیوعیەکان بۆ قەندیل نەهاتن، خۆیان پێ قوتار نەکرا، تەسلیم بەوان بوونەوە، نەوشیروانیش هەمووی کوشتن کە 75 کەس بوون، شەڕی باشیشیان نەکرد، نەوشیروان پێی دەگوتن ئێمە هاتووینە سەر (حسک) ئێوە شەڕ مەکەن، فێڵیان لێکردن و شەڕیان بەجدی نەکرد، خۆ گەر شەڕی جدییان بکردبایەو فیشەکیان بدابایە ئێمە، قەت بە ئێمە نەدەوەستان، بەو جۆرە ئەنجامەکەیان بەو جۆرە بوو، ئێمەش 4-5 کەسمان شەهید بوون. هەروەک سەید کاکە لەگێڕانەوەکانیدا ئاماژەی پێدەکات: یەکێتی ئەوەی دەکرد، خەڵکی دیکە ئەوەی نەدەکرد، یەکێتی بڕیاری ئەوەی دابوو، ئەو خەڵکە بکوژێت و خۆی بە تەنیا لەمەیدان بمێنێتەوە، هەموو شتێکیان بەکارهێنا، دوایی حکومەت پێیگوتن ئێوە هەر هیچ نین، جاشەکان زۆر لەئێوە بەقیمەتترن.

خواردنی فاسۆلیای خوێناوی شیوعیەکان: ئەو راستیانە لە یادەوەری زۆربەی ئەو کەسانەدا

بۆلاپەڕە 12




# بنچینە کۆمەڵایەتی و فیکرییەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری ...

بەشی شانزەهەم

# ریفۆرم و شۆرش

## ستانداردە کۆمەڵایەتی و کەلتووریە مۆدێرن و پێشڕەوەکان...

ستانداردە سیاسی و ئیدارییەکانی کۆمەڵگا دەبێ کۆمەڵە ستانداردێکی مۆدێرن و سکولار و پێشڕەو بن. بنچینەی ئەم ستاندارده پێشڕەوانە مانای دابڕانی تەواوی حوکمڕانی و دەسەڵاتی دەوڵەتیی و سیستمی ئیداری وڵاتە لە دین و پیرۆزیە ئەتنیکی و نەتەوەیی و نەژادیەکان و هەر ئایدۆلۆژی و دامەزراوێک کە لەگەڵ یەکسانی تەواو و ڕەهای مافە مەدەنیەکانی هەموو هاووڵاتیان و باڵکێشانی یەکسانی یاساکان بەسەر هەمووواندا ناکۆک بێت، وە یان ئازادی ئەندێشە و ڕەخنە و ژیانی زانستیی کۆمەڵگا تەنگەبەر بکاتەوە. دین و ناسیۆنالیزم دوو ڕەوتی فیکری و کۆمەڵایەتین کە لە ناخی خۆیاندا، دووبەرەکی دەنێنەوە و خورافی و ناکۆکن لەگەڵ ئازادی و گەشە و هەڵدانی ئینساندا. بەشێوەیەکی دیاریکراو دین، تەنانەت وەکو کاری تایبەتی تاکەکانیش، کۆسپە لەبەردەم ڕزگاری و گەشە و پێشکەوتن و باڵاکردنی ئینساندا.

بۆیە بەرپاکردنی دەوڵەت و نیزامێکی سیاسی مۆدێرن و سکۆلار تەنها هەنگاوی یەکەمە لە ڕێگای ڕزگاریی هەمەلایەنەی ئینسانەکان لە چنگی خورافات و دەمارگیریی ساویلکانەی دینی، نەتەوەیی و ئەتنیکی و نەژادی و ڕەگەزی.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری خوازیاری پیادەکردنی ئەم بنەمایانەی خوارەوەیە:

**دین و نەتەوە و ئەتنیک**

* ئازادی دینداری و بێدینی و جیایی تەواوی دین لە دەوڵەت. داتەکاندنی یاساکانی وڵات لە هەموو ناوەڕۆک و پشتبەستن و کاریگەریەکی دین. کردنی دین بە کاری تایبەتی تاکەکان. هەڵوەشاندنەوەی دەستەواژەی دینی ڕەسمی. سڕینەوەی هەرجۆرە ئاماژەکردنێک بە دینی کەسەکان لە یاساکان و بەڵگە ناسنامەیی و ئیداریەکانی پەیوەست بەخۆیان. قەدەغەکردنی لکاندنی تاکەکان، بەتاک یان بەکۆ، بەهەرجۆرە ئینتمایەکی ڕەگەزی و دینیەوە لە بەڵگەنامە ڕەسمیەکان و میدیاکان و...تاد.

*جیاکردنەوەی تەواوی دین لە خوێندن و پەروەردە. قەدەغەکردنی خوێندنی وانە دینیەکان، ئەحکامە دینیەکان، وە یان ڕاڤەکردنی دینیی بابەتەکان لە خوێندنگە و دامەزراوەکانی فێرکردندا. هەڵوەشاندنەوەی دەستبەجێی هەموو ئەو یاسا و ڕێسایانەی کە لەگەڵ مەبدەئی فێرکردن و پەروەردەکردنی نادینی دا ناکۆکن.

* قەدەغەکردنی هەرجۆرە پشتیوانیەکی دارایی و ماددی و مەعنەوی لە دین و چالاکی و دامەزراو و دەستە دینیەکان لەلایەن دەوڵەت و دەمودەزگا دەوڵەتیەکانەوە. ئەرکی دەوڵەتە کە لەڕێگەی کارکردن بۆ هوشیارکردنەوە و بردنەسەری ئاستی خوێندەواری و زانیاری و زانستی گشتیەوە دین لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی بسڕێتەوە. سڕینەوەی هەرجۆرە ئاماژەکردنێک بۆ بۆنەو ساڵڕۆژە دینیەکان لە ڕۆژژمێری ڕەسمیدا...

* قەدەغەکردنی مەراسیمی دینی توندوتیژئامێز و نا ئینسانی. قەدەغەکردنی هەرجۆرە چالاکی و مەراسیم و نمایشێکی دینیی کە لەگەڵ ئازادی و مافە مەدەنیەکانی خەڵک و مەبدەئی یەکسانیی هەمووواندا ناکۆک بێت. قەدەغەکردنی هەرجۆرە نمایشێکی دینیی کە ببێتە مایەی شێواندنی ئاسودەیی و هەست بە ئاسایشکردنی خەڵک. قەدەغەکردنی هەرجۆرە مەراسیم و ڕەفتارێکی دینیی کە لەگەڵ یاسا و ڕێساکانی پەیوەست بە تەندروستی و سەلامەتیی تاکەکان و ژینگە و یاساکانی پەیوەست بە پاراستنی گیانەوەران ناکۆک بێت.

*پاراستنی منداڵان و کەسانی ژێر شانزە ساڵ لە هەرجۆرە دەستدرێژیەکی ماددی و مەعنەوی دینەکان و دامەزراوە دینیەکان. قەدەغەکردنی ڕاکێشانی کەسانی ژێر شانزە ساڵ بۆ ناو گروپ و سێکتە دینیەکان و مەراسیم و شوێنە دینیەکان.

* پێویستیی ناونووسکردنی ڕەسمیی دین و گروپ و سێکتە دینیەکان وەک دامودەزگا و دامەزراوە تایبەتیەکان و پەیڕەویکردنی دامەزراوە دینیەکان لە هەموو یاساوڕێساکانی پەیوەست بە هەڵسووڕانی دامەزراوەکان. کۆنترۆڵی دامەزراوە یاساییەکان بەسەر حسابات و سجلات و داهات و خەرجیی گروپ و سێکت و دامەزراوە دینیەکاندا. پەیڕەویکردنی ئەم دامەزراوانە لە یاساکانی باجگیریی پەیوەست بەم جۆرە دامەزراوانە.

*قەدەغەکردنی هەرجۆرە گوشارێکی جەستەیی و نەفسیی بۆسەر تاکەکان بەمەبەستی قبووڵکردنی دین.

* قەدەغەکردنی ئەو ڕێوڕەسمە دینی و ڕەگەزی و تەقلیدی و ناوچەییانەی کە لەگەڵ ماف و یەکسانیی و ئازادیی خەڵکدا، چ تاک چ کۆ، یان لەگەڵ بەهرەمەندبوونی ئەوان لە هەموو ئەو مافە مەدەنی و کەلتووری و سیاسی و ئابووریانەی کە یاسا دانی پێداناوە، وە یان لەگەڵ خۆنواندنی ئازادانەی ئەوان لەژیانی کۆمەڵایەتیدا ناکۆکن.

* دەستبەسەراگرتن و گێڕانەوەی هەموو ئەو موڵک و سامان و دارایی و شوێنانەی کە دامەزراوە دینی و حزبیەکان بەزۆر، یان لە ڕێگەی دەوڵەت و دامودەزگا و دامەزراوە جۆراوجۆرەکانەوە بەدەستیان هێناوە. ئەم موڵک و شوێنانە دەخرێتە بەردەست دامەزراوەکانی هەڵبژێردراوی دەستی خەڵک بۆ بەکارهێنانیان لە بەرژەوەندی گشتیدا.

* قەدەغەبوونی پێناسەکردنی دەسەڵات و دەوڵەتی کوردستان وەکو دەسەڵات و دەوڵەتێکی ئەتنیکی کوردی. ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان وەکو دەوڵەتێکی مەدەنی غەیرە قەومی و سکولار. قەدەغەکردنی هەر جۆرە ئاماژەیەک بۆ ناسنامەی ئەتنیکی و نەتەوەیی و دینی تاکەکان لە بەڵگەنامە ڕەسمیە حکومیەکاندا، هەڵوەشاندنەوەی هەر چەشنە هەڵاواردنێک لە ماف و ئیمتیازاتی تاکەکان و دامەزراوەکان لەسەر ئەم بناغەیە.

* قەدەغەکردنی گرتنەبەری هەرجۆرە سیاسەت و کردەوەیەک کە ببێتە هۆی پاکتاوکردنی نەتەوەیی و ئەتنیکی و ڕاگوێزانێکی زۆرەملێ، قەدەغەکردنی سزادانی بە کۆمەڵ و تی□کدانی خانوبەرەی خەڵک وەکو جۆرێک لە سزادان. مافی بێئەملاوئەولای گەڕانەوەی خەڵکی ئاوارە و بەزۆر کۆچپێکراو بۆ جێگا و ڕێگای خۆیان و دابینکردنی ژیانێکی ئینسانی و باشبژێو بۆیان.

* قەدەغەکردنی هەر چەشنە دنەدانێکی گیانی شۆڤینیزم و ڕق و کینەی نەتەوەیی لە بابەتەکانی خوێندندا.

*قەدەغەکردنی لکاندنی تاکەکان و کۆڕوکۆمەڵەکان بە نەتەوەیەکی دیاریکراوەوە لە ئاستی گشتیدا، لە میدیاکان، فەرمانگەکان و□تاد، بەبێ مۆڵەت وەرگرتنی ڕەسمی لە خۆیان.

* سڕینەوەی هەرجۆرە ئاماژەکردنێک بۆ ئینتمای نەتەوەیی تاکەکان لە بەڵگە ناسنامەییەکان، بەڵگەنامە دەوڵەتیەکان و کاروبارە ئیداری‌یەکاندا.

* قەدەغەکردنی هەرجۆرە پڕوپاگەندەیەکی نەفرەتکردنی دینیی، نەتەوەیی، ئەتنیکی، نەژادیو ڕەگەزی، قەدەغەکردنی پێکهێنانی حیزب و گروپی سیاسی کە خۆبەبانترزانینی نەتەوەیی، ئەتنیکی، نەژادی، دینی و ڕەگەزی بەشێک لە خەڵکی بەسەر ئەوانی تردا، بەشێک بێت لە پرەنسیپە بەڕەسمی ڕاگەیاندراوەکانی.

**ماویەتی**

**یەکی ئایار ڕۆژی ناوتن و ڕەتکردنەوەی ستەم و بێمافی هەزار سەری سەرمایەدارییە لەلایەن چینی کرێکارەوە....**



# هیوا عومەر: پرسی ئابوری سەربەخۆ جیاوازە لە پرسی هەناردەکردنی نەوت، تەنها هەناردەکردنی نەوت لە لایەن هەرێمەوە یەکسان نییە بە ئابوری سەربەخۆ ...

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ هاوڕێ هیوا عومەر نووسەر و ڕۆژنامەوان، سەبارەت بە ڕادەستکردنی نەوت و ئاییندەی سیاسی کوردستان...

**بۆپێشەوە: لەم ڕۆژانەدا دادگای پاریس لە قازانجی حکومەتی عێراقی بڕیارێکی دەرکرد، تورکیاش نەوتی هەریمی ڕاگرت تۆ چۆن دەروانیتە ئەم بڕیارە؟ ئایا سیاسییە، یاخود یاسایی؟ بۆ لەم کاتەدا ئەم بڕیار دەردەکرێت لە کاتێکدا شکاتە دەگەڕیتەوە بۆ ساڵی ٢٠١٤؟**

**هیوا عومەر:** ئەم بریارە هەم دیوی سیاسی و هەمیش دیوی یاسایی هەیە، لە ساتەوەختێتکایە هەرێمی کوردستان لە ناوەوە تا دێت قەیرانەکانی قوڵتر دەبێتەوە کە خۆی دەبینێتەوە لە قەیرانی داریی و ئابوری و سیاسی هتد... ئەمەش دابراونییە لە دەرئەنجامی سیاسەتی ئۆلیگاریشی دارایی و فەرزکردنی ڕەچەتەکانی لیبراڵیەتی نوێ .

**بۆپێشەوە: سەرانی ئەحزابی ناسیۆنالیستی کوردی بەتایبەتی "مسعود بەرزانی، مام جەلال، نەشیروان مستەفا" زۆر شانازیان بە ئابوری سەربەخۆوە دەکرد، هەروەها حکومەتی هەرێم دەیویست بچیتە ناو بازنەی وزەی جیهانیەوە، پێت وایە بەبێ ئەوەی کوردستان دەوڵەت بێت دەتوانێت کارێکی وابکات؟**

**هیوا عومەر:** پرسی ئابوری سەربەخۆ جیاوازە لە پرسی هەناردەکردنی نەوت، تەنها هەناردەکردنی نەوت لە لایەن هەرێمەوە یەکسان نییە بە ئابوری سەربەخۆ، هەرێمی کوردستان وەک نەتەوەیەکی کۆلۆنیاڵکراو هەردەم پێویستی بە ئابوری و سیاسەتی سەربەخۆیی لە چوارچێوەی بەهێزکردنی ئیرادەو دۆخی ناوخۆییە. بەڵام پرسیارێک ڕووبەڕوومان دەبێتەوە ئەوەی سەرانی حوکومڕان کردنیان لەماوەی 30ساڵی ڕابردوو ئابوری سەربەخۆ بوو؟

وەڵامەکە بە نەخێرە، چونکە ئەوان لە بری بەهێزکردنی ئابوری نیشتمانی و داهاتی تاک تەبەنی سیاسەتی ئابوری بەرخۆرییان کردووە، هەموو هێلکەکانیان خستە سەبەتەی تورکیا و ئابوری ریعی، ئەمەش بەشێوەیەک بەقەد ئەوەی بۆ بەهێزکردنی حزبە دەسەڵاتدارەکان و کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگە بەکار هێنرا بۆ پرسەکانی کۆمەڵگەو دابینکردنی مافە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکی کوردستان بەکار نەهێنرا، ئێمە دەر ئەنجامەکەی بەروونی دەبینین چ جۆرە کۆمەڵگەیەک لەرووی پێکهاتەی چینایەتییەوە دروست بووە، کەمینەیەکی کەم خاوە هێز و سەرمایەکی گەورەن زۆرینەش پەراوێزخراوە بە داهاتێکی کەم دەژێت.

**بۆپێشەوە: دوای دەرچونی بڕیاری دادگای پاریس بەشیک لە خەڵکی کوردستان خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی لەم بارەیەوە،؟ دەمەوێت بپرسم بۆچی خەڵک دڵخۆشە بەم بڕیارە؟ ئایا ئەم بریارە سودی هەیە بۆ خەڵکی کوردستان؟**

**هیوا عومەر:** یەکەم ئەم بریارە بە هیچ شێوەیەک سودی بۆ خەڵکی کوردستاندا نییە، وەک ئەوە وایە نەوت لە چنگی پارتی یەکێتی دەرهاتبێت گەرابێتەوە بۆ خەڵکی کوردستان؟

ئەم دیدە زۆر هەڵەو کوشندەیە! وەزعی بەغدا لە زۆر لایەنەوە ئەگەر لە هەرێمی کوردستان خراپتر نەبێت باشتر نییە، ناکرێت کوردستان و ئەزموونەکەمان بە موڵکی پارتی و یەکێتی تەماشا بکەین .

خاڵی دووەم، خەڵکی بۆیە خۆشحاڵە، چونکە لە لایەن کابینەکانی حوکومەتی هەرێم زۆر بە خراپی ئیدارەی مەلەفی نەوت کراوە، بەقەد ئەوەی بۆ بەرژەوەندی حزبی و بەهێزکردنی حزب و میدیاکانیان و کۆنترۆڵکردن و کرینی خەڵک بەکار هاتووە ئەوەندە بۆ بەرژەوەندی گشتی بەکار نەهاتووە، بەڵام نابێت بەو بیانووە شەرعیەت بە فشارەکان و عەقڵیەتی شۆڤینی دەوڵەتی عێراق بدەین لەسەر گەلی کوردستان. لە لایەکی تر ئەم نیگەرانیی و بێئومێدییەی خەڵک پەیوەندی بە غیابی ئۆپۆزسیۆنێکی خاوەن روئیا و بە پرنسیپە لە ناوەوەی هەرێمی کوردستان .

> **کابینەکانی حوکومەتی هەرێم زۆر بە خراپی ئیدارەی مەلەفی نەوت کراوە، بەقەد ئەوەی بۆ بەرژەوەندی حزبی و بەهێزکردنی حزب و میدیاکانیان و کۆنترۆڵکردن و کرینی خەڵک بەکار هاتووە ئەوەندە بۆ بەرژەوەندی گشتی بەکار نەهاتووە، بەڵام نابێت بەو بیانووە شەرعیەت بە فشارەکان و عەقڵیەتی شۆڤینی دەوڵەتی عێراق بدەین لەسەر گەلی کوردستان ...**

**بۆپێشەوە: بریاری دادگای فەرەنسا، ڕێگە لە فرۆشتنی نەوت لە ڕێگای دەسەڵاتی هەرێمەوە دەگرێت، ئەوەش کیشە بۆ موچەو داهاتی دەسەڵاتی هەرێم دروست دەکات... خەڵکی کوردستان دەبێ چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو دۆخە بکەن؟**

**هیوا عومەر:** خەڵکی کوردستان لە هەموو دۆخێکە خۆرێکخستن و بەهێزکردنی گیانی شۆرشگێری و هۆشیاریی سیاسی و فکرییان دەبێتە بنەمایەکی پتەو بۆ پێشکەشکردن و بنیاتنانی ئەزموونێکی تر و بە دەستهێنانی ماف و ئازادییەکان.

> **✱ خەڵکی کوردستان لە هەموو دۆخێکدا خۆرێکخستن و بەهێزکردنی گیانی شۆرشگێری و هۆشیاریی سیاسی و فکرییان دەبێتە بنەمایەکی پتەو بۆ پێشکەشکردن و بنیاتنانی ئەزموونێکی تر و بە دەستهێنانی ماف و ئازادییەکان...**
>
> **✱ ئێمە دەبێت دڵمان بە ئیرادەی خەڵکی کوردستان و فاکتەرە ناوەخۆییەکان خۆش بێت بۆ گۆرانکاری نەك فاکتەری دەرەکی ...**

**بۆپێشەوە: بریاری دادگای فەرەنسا هاوکاتە لەگەڵ راپۆرتی فۆرن پۆلەسی ئەمریکی سەبارەت بە دۆخی سیاسی کوردستان و رەخنەی لە سەرکوت و نەبوونی ئازادییەکان و باڵادەستی حزب بەسەر پیشمەرگەو هیزی ئەمنی و نابەرابەری گەورەی ئابوری بەرپرسان لەگەڵ ژیانی خەڵکی... ئایا ئەو دوو بریارە تەواوکەری یەکترین، یەکێکیان دەستی حزبەکان لەداهات دەبڕیت و ئەوی تریان دەستی سیاسیان دەخاتە ژێر پرسیار؟**

**هیوا عومەر:** من یەکێکم لەوانە بە هیچ شێوەیەک دڵخۆش نیم بەو راپۆرت و هاشو هوشەی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی، لەم ناوچەیە خاوەن پرۆژەی ئابوری و بەرژەوەندی سیاسی خۆییان لەسەر ئەم بنەمایەش مامەڵە لەگەڵ دەسەڵات دەکەن، واتێنەگەین ئەگەر ئەوان هەندێک تێبینینان هەبێت لەسەر دەسەڵات سبەینی پاڵپشتیی پرۆژەو روئیای هێزکێکی تربکەن کە لە دەرەوەی رەچەتەکانی لیبراڵیەتی نوێ و پاشکۆیاتی بیربکاتەوە. ئێمە دەبێت دڵمان بە ئیرادەی خەڵکی کوردستان و فاکتەرە ناوەخۆییەکان خۆش بێت بۆ گۆرانکاری نەک فاکتەری دەرەکی .

**بۆپێشەوە: ڕێگە گرتن لە فرۆشتنی نەوت لەلایەن دەسەڵاتی هەرێمەوە، تا چەندە دەسەڵاتی هەرێم سنوردار دەکات و گوشارەکانی بەغدا لەسەری زیاد دەکات؟ وە هاوکات ئەوە چ کاریگەرییەکی لەسەر خەڵکی کوردستان دەبێت؟**

**هیوا عومەر:** لە هەندێک لایەنەوە دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان لاواز و لە بەرامبەر دەسەڵاتی ناوەند بە هێز دەکەن، بێگومان ئەوە کاریگەری باشی نابێت، ئەوە وەستاوە لەسەر خەڵکی کوردستان و هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان لەمرۆدا دەتوانن وەک بەدیل بێنەپێشەوە ؟

**بۆپێشەوە: چۆن دەکرێت خەڵکی کوردستان سودمەند لە داهاتی نەوت و غازی هەرێم ببن؟**

**هیوا عومەر:** ئەم پرسە پەیوەندی بە زۆر بابەتی ترەوە هەیە، یەکێک لەوانە گرێدراوە بە بوونی بزافێکی کۆمەڵایەتی و رێکخراو یەکگرتوو کە بتوانن ئەوە فەرزبکەن چەڤی نەوت خەڵک بێت نەک بۆ بەرژەوەندی کەمینەیەک، بێگومان ئەوەش روئیا و کارکردنی جدی دەوێت دوور لە عەقڵیەتی پۆپۆلیستی و دروشمبازی .

***

## درێژەی...ڕۆڵی ئافرەت لە بڕیاردانی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا

گەورەترین ئاستەنگی بەردەم گەشەکردنی ئافرەتانن لە گێڕانی ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆیان لە کایەی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا.

هەشتەم: ئەو ڕوانگە خراپەی کە بەرامبەر بە بەشداریی ژن لە کایەی سیاسیدا هەیە، زۆر جاریش ئەو خراپەکاری و ڕێگرییانەی لە ئافرەت دەکرێت، بەرگێکی ئایینییان بەبەردا بڕاوە. هەر ئەوەندە ژنان دەنگ هەڵێنن و داوای چەسپاندنی زیاتری مافە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیان بکەن، زۆرێک لە پیاوانی ئایینی و بانگخوازەکان ئەم داواکارییانە بە مەترسی بۆ سەر پیرۆزیی پیاو لە قەڵەم دەدەن.

### پوختە

ئەوەی لە ئێستادا باڵادەستە، سیاسەتی پیاو یان نێرسالارییە لە هەرێمی کوردستاندا. ئەگەر بەوردی سەیر بکەین، دەسەڵاتی پیاو گشتگیرترە. دەسەڵات سەپاندنی پیاو، کورت نابێتەوە تەنیا لە پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوانیان، بەڵکوو وەکوو ئاو و هەوا چۆتە نێو هەموو کون و قوژبنێکی ژیانەوە. لە بەشداریی سیاسییشدا بە هەمان شێوەیە؛ پلە باڵاکان و بەرزەکان پشکی پیاون. ژنان و ڕێکخراوانی ژنانیش لە خەباتی بەردەوامدان لە پێناو بەرەنگاربوونەوەی بارودۆخی باو لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا. هەرچەندە بۆ دەستەبەرکردنی مافە سیاسییەکانی ئافرەتان هەندێک هەوڵ دراوە، بەڵام کۆششی زیاتری پێویستە لە پێناو ئایندەیەکی باشتر. چونکە یەکێک لە پێوەرەکانی پێشکەوتنی هەر کۆمەڵگەیەک، یەکسانیی ژن و پیاوە لە مافە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا.

**نوسینی/ شاگوڵ موسڵح ئەنوەر، بەکالۆریۆس لە زانستە سیاسییەکان/ زانکوی سەڵاحەددین**

## درێژەی....قرناقاو پشت ئاشان تاوانێکی لە بیرنەکراو...

نەسڕاوەتەوە. کاتێک جێگرەکەی تاڵەبانی لە ناو بارەگای ڕاگەیاندنی حزبی شیوعی و لەسەر تەرمی قوربانییەکان لە رادیۆی ناوەندی شۆڕشی نوێوە مژدەی سەرکەوتنی هێزەکەیانی بەڕای گشتی گەیاند کە هێزەکانیان فاسولیای قوربانییەکان نۆش دەکەن و وەرەیان بەرزەو ئێستا سەرقاڵی باڵەکانی ئەوانن پاش ئەوەی سەریان پان کـــــــــــــرایەوە.

فازیل کەریم ئەحمەد (جەعفەر) لە چیرۆکی ئەمڕۆ زەماوەند دەگێڕین دەڵێت: (شێرۆ- واتە نەوشیروان مستەفا) بە دەستی خۆی دیلەکانی دەکوشت. هەروەها دەڵێت: دیلە شیوعییەکان دەیانگوت ئێمە تازە گەیشتوین و چەکمان پێنەدراوەو لە شەڕیشدا بە دیل نەگیراوین، ئیتر بۆ بەناهەق دەمانکوژن؟ (شێرۆ) بە وەڵامیان قایل نەبوو لەگەڵ هاژەی دەستڕێژی گوللەدا دیوارو ئەردی ژوورەکە بەخوێنیان سور هەڵگەڕان. قسەکردنیش لەسەر ئارەزووی خواردن بەسەر تەرمی قوربانییەکانی ئەو کارەساتە، وێرانەیەکمان پیشان دەدا، تیایدا چەکدارەکان بەخوێنێکی ساردەوە، بەسەر لاشەی هەلاهەلابووی قوربانیان فاسۆلیا دەخۆن و هەڵپەرکێ سازدەکەن، کە ئەمەیان لەهەڵدانەوەی گۆڕی رابردوو، بەسوێترن. ئەبو شوان سەرکردەی ئەوسای حزبی شیوعی پێیوایە سەرکردایەتی یەکێتی هەموویان بەرپرسن لەو تاوانە، بەڵام بەشی شێری بەر نەوشیروان مستەفا دەکەوێت. بۆیە دەڵێت "هەموو سەرکردەکانی یەکێتی بڕیاردەری ڕووداوەکەی پشتئاشانن، بەڵام پشکی شێر بەر نەوشیروان مستەفا و تەواوی ئەوانەی ڕاستەوخۆ بەشداریی شەڕەکە بوون، دەکەوێت.

ڕۆڵی حکومەت بەعس: ئەبو شوان، لە چاوپێکەوتنێک کە لە دیسەمبەری 2009 کە لەلایەن رۆژنامەنووس "رزگار چوچانی" لەگەڵیدا ئەنجامدراوە دەڵێت "خدر مەعسوم لە چاوپێکەوتنێکدا، بە ئاشکرا دەڵێت (پەلاماردانی پشتئاشان بە بڕیاری سەرکردەکانی یەکێتی بووە). ئەوە ڕاستییەکی مێژووییە و چووە لاپەڕە ڕەشەکانی مێژووی یەکێتییەوە، بەڵام دەبووایە خدر ئەوەشی بووتایە ئەو هێرشە بۆسەر پشتئاشان، بڕیار و هاوکاری ڕژێمی بەعسیشی تیادا بوو".

### سڕینەوەی بەڵگەکان:

زۆرێک لەشۆڕشگێڕانی ئەوساو سیاسەتمەداران باس لەوە دەکەن پەلامارەکەی یەکێتی نیشتمانی بەهاوکاری ڕژێمی بەعسی پێشوو ئەنجامدراوە، لەوانە دکتۆر عەبدولستار تاهیر شەریف کە سیاسەتمەدارێکی کوردبووە پێش چەند ساڵێک بەهۆی ئەو لێدوانە ڕۆژنامەوانیانەوە لەڕووداوێکی پڕ لەتەمو مژاویدا لەشاری کەرکووک لە ساڵی 2008 تیرۆرکرا، لە لێدوانێکیدا لەبارەی ڕووداوی پشت ئاشان بۆ یەکێک لەگۆڤارەکان، دەڵێت: شەڕەکەی پشت ئاشان بەفەرمان و هاوکاری ڕژێمی پێشوی سەدام بەرپاکراوە. هەروەها قادر ڕەشید لەبارەی ئەمەوە دەڵێت: ناوزەنگ پڕبوو لەپێشمەرگەیەکی زۆر کە لەگەرمیان و شارەزوور و جێگاکانی ترەوە هاتبوون، ئەو هێزانە هەموو پۆشتەو پەرداخ بوون لەجل و بەرگی وەک قەمسەڵەی گەرم و پێلاوی باش و کۆڵەپشتی پڕ لە موعەلەبات، هەروەها چەکی نوێی وەک بیکەیسی و ئاربیجی و دۆشکە و قەناسەو کلاشینکۆف و دەزگای بێسیمی ڕاکاڵ و ۆڵکی تۆڵکی و دوربین، هەواڵمان پێگەشت کە ئەو کەلوپەلە سەربازیە خەستوخۆڵەی یەکێتی لەناوچەکەدا بۆ خۆئامادەکردنە، لەڕژێمی بەعسەوە نـــــــــــێـــــــــــراوە.

هەرچییەک بێت ڕووداوەکە بۆ گەلی کورد جەرگبڕەو جێی ئازارە، کە گومانی تێدا نییە تائێستاش پاشماوەکەی بەجەستەی گەلی کوردەوەیە، بە تایبەت کە هێرشەکە بۆ سەر هێزە کوردییەکان بووە و بە راسپاردە و هاندانی حزبی بەعس ئەنجامدراوە.

**نووسین و ئامادەکردنی:**
**دیار نامیق**

## درێژەی .... دوا وتە

کەمایەتیەکی مفتەخۆر لەگەڵ ژیان و گوزەرانی ملیۆنەها ئینسانی کارگەر و تیکۆشەر و وێڵ بەدوای نان و موچەو خزمەتگواری و سەرەتاییترین مافەکان و ئازادییەکاندا، بەیەک بگیرێن. ئەوانەی بەناوی کوردایەتیەوە دەیانەوێت بڵێن هەموومان سەرنشینی کەشتییەکین، درۆ دەکەن، دەیانەوێت راستی جیاوازی چینایەتی و ململانێی چینایەتی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا وەکو سەرەکیترین ململانێ بشارنەوە.

هەڵگرانی ئەو پەیامەی سەردەشت بە خەبات و قەڵەمەکەی بەیانی کرد، ئۆردوویەکە هەموو سات و کات و رۆژێک لە جەنگدایە لەگەڵ دەسەڵاتی بکوژانی.

چینی کرێکار و جەماوەری بێبەشی کوردستان، هەموو رۆژێک لە بەرامبەرکێدان بۆ نان و ئازادی و خۆشگوزەرانی و مافە فەردی و مەدەنییەکانی ئەم سەردەمە لەگەڵ دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، لەبەرامبەردا دەسەڵاتی کەمایەتیەکی پاریزەری نەزم و سیستەمی مەوجود هەموو هەوڵ و تەقەلای ئەوەیە رووبەرووی ئەو جەماوەرییە نارازییە بێتەوە و بەدژی خواست وداواکارییەکانیدا بوەستێتەوە... بۆ ئەم مەبەستە سەرۆک و سەرۆکەکانی قوتکردۆتەوە، شازادەکان لەسەر رەقەم دەخاتە بازاری بەرگری لەستەم وبێمافی و چەوساندنەوە و بۆ درێژەدان بەدەسەڵات. سوپا و میلیشیاو دەیان دەزگای هەواڵگری و جاسوسی و فریوکاری و یاسا و ریسای سازداوەو بە ناوەرۆکی بەعسیانەوە، پیادەی دەکات و نەک دەیەوێت هەموو دەنگ و رەنگێکی ئازادی و ئازادیخوازی کڵۆم بدات، بەڵکو دەیەوێت خەیاڵ و بیرکردنەوەی نەیاران و ئازادیخوازن لە ریگەی یاساو زۆری چەک و رفاندن و زیندان و سەرکوت و دەیان وسەدان دەزگای پان و پۆری راگەیاندن و لەشکرێک لە میدیاکار و رۆژنامەنوسی کرێدارو ئاراستەکراو... قفڵ بدات.

ئەم دوو پەیامە هاوتەریبە... لە کۆمەڵگەی کوردستاندا زۆر بەشێوەی بەرجەستە ڕێ دەکەن. ئازادی و ئازادیخوازان و تێکۆشەران و رۆژنامەنووسانی ئازاو ئازاد و بەرابەریخواز... رۆژانە راودەنرین، دەفرێنرێن زیندانی دەکرێن، سەرکوت دەکرێن، تۆمەتیان بۆ دروستدەکرێت، سیناریۆی پاکەتیان بۆ سازدەکرێت، کەسایەتیان ورد دەکرێت، شاهید و بەڵگەی ئاشکرای تیکۆشەربوون و ئازادیخوازبوونیان، بەلێدوان و سیناریۆی ساختە دەخرێتە ژێر پرسیار.

ئەو ڕۆژەی سەردەشت عوسمان وەکو خەباتگیرێکی نەیار بە نابەرابەری و ستەم و لە پێناو ئازادیدا گیانی لی سەندرایەوە و دواتریش ویستان بە سیناریۆی ساختە ئەوی تیرۆرکراو، تیرۆر بکەن. ئێستا ئەم پەیامەی دەسەڵات بەرامبەر ئازادی و ئازادیخوازان و نەیار بە نابەرابەی و ستەم، درێژەی هەیە و کەم رۆژ هەیە بەدەل بەرواریەک، شیرون شیروانیەک و عەلی مەحمودێک نەکەوێتە بەردەم کەڵبەکانی دژە ئازادی و سیناریۆ ساختەیان بۆ دروست نەکرێت.

دیاردەی رفاندن و شوێن بزرکردن، شەق وەشاندن لە مامۆستاو هاوڵاتی، لە کەسانی یاسایی و دادوەر، سەرتاشین وەکو چەکێک بۆ شکاندنی شکۆی ئینسان، نان بڕین... تا دەگاتە دەستگیکردنی عەلی مەحمودەکان و تۆمەت بۆ سازکردن لە هەولێر و رفاندنی ئارام حەسەن و شەمین عەلی بەدەست و قاچ بەستراوی لەلایەن هیزی دەمامکدراوەوە لە گەرمیان... واقعیەتی روو لەسەری کۆمەڵگەی کوردستانن.

بێدەنگکردنی دەنگە نارازی و ئازادیخوازەکان و لە پێناو بێدەنگکردنی کۆمەڵگە، لەدوای تیرۆری سەردەشت عوسمانەوە بەرەو هەڵکشان چووە... و پەیامی سەردەشتەکان و دەسەڵات بە تەریبی دەرۆن... تا ئەوکاتەش کۆمەڵگەی کوردستان خالّی نەبێت لە ململانێی چینایەتی، ئەو پەیامانە هەروا بە تەریبی دەرۆن. ئەو کاتەی پەیام و تیکۆشان و خەونەکانی سەردەشت عوسمانەکانی کۆمەڵگەی چینایەتی کۆردستان، بووە واقعیەتی سیاسی کۆمەڵگەو جیاوازی چینایەتی لێک هەڵوەشایەوە، کۆمەڵگەش ئازاد دەبێت و سوێ و زامی تاوان و تاوانکاریەکان و نابەرابەری و ستەم و هەڵاواردن، برینی گیان بەختکردوانی دەستی نیزامی سەرمایەداری و نۆکەر پیشەکانی، بەرەو ساریژ بوون دەچن.

**عەبدوڵا مەحمود**

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

بۆپێشەوە
سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود
راوێژکاری سەرنووسەر: رێبوار ئەحمەد
بۆناردنی بابەت و پەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com
بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەت و پەیوەندی:
abdulla.mahmud@gmail.com
بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بکەن:
www.bopeshawa.net

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید
نووسەرانی ئەم ژمارەیە:
بنار مستەفا، شاگوڵ موسڵح ئەنوەر، سالار مامە کەریم، خالید بایەزیدی، وریای ڕەسام،جەمال نوری، کاوان قادر، شوانە حەسەن ئەبوبەکر، هیوا عومەر، ئاراس ڕەشید، حەکیم میرزا، توانا حەمەنوری،عەبدوڵا مەحمود،دیار نامیق...

لەگەڵ دۆسیەکی تایبەت سەبارەت بە"دۆسیەی رادەستکردنی نەوت و ئاییندەی سیاسی کوردستان"...

## بۆ سەردەشت و هاوڕێکانی هۆنراوەی: حەکیم میرزا

وێنە کەی سەردەشت.....

لەسەر پرۆفایلەکەتان لابەن

وەرن با پێکەوە....خۆپیشاندانێك

بکەین

بچینە سەنتەری شار

لەبەردەم

ئاوێنەکەی...هۆلاکۆدا....ڕابووەستن

.........

پەڕۆ دڕاوەکەی...سەر ناوچەوانی.

قەڵا

بە منالێکی..گەڕەکی شێخەڵادا

بنێرین بۆ ماڵی

سەرۆکی پەرلەمان

پێی بڵێین

فەرموو پێشمان کەوە

بۆ بەر ماڵی پیاو کوژەکان


.......

وێنەی

سەر پرۆفایلەکانتان لابەن

با پێکەوە لەسەر پەنجەرەی ...هەموو

ماڵێك




وێنەی سەردەشت و....کاوە

گەرمیانی و

سۆرانی مامە حەمەو

ئەوانی تریش

بە بۆیاخێکی...سور بنەخشێنین

بەردەرگاکان

پڕکەین لەدار زەیتون

........

وێنەی...سەر پرۆفایلەکەتان....لابەن

باپێکەوە

خۆپیشاندانێك بکەین

قەڵا بەرد بارانکەین

هۆلاکۆی ئاخر زەمان شار بەدەر

کەین

دەرگا لەسەر شەقامە

داخراوەکان....بکەینەوە

لەسەر سوچی...هەموو کۆڵانێك

کراسی شەهیدێك...لەجیاتی ئاڵا

بچەقێنین

.........

با پێکەوە

خۆپیشاندانێك بکەین

سەرکردەی مافیاکان لەماڵ....بێنینە

دەرەوە

ڕسوایان کەین

جلیان لەبەرا نەهێڵین

شەرەفیان

بشکێنین

کۆشکو ڤێلاکانیان...بڕوخێنین

سەریان بخەینە...ژێر

نەعلەکانی...دایکی...سەردەشت و

هاوڕێکانی...




بەرهەمی تازەی هونەرمەند وریای رەسام

## دوا وتە

# دوو پەیامی تەریب... لە ١٣ هەمین ساڵیادی تیرۆری رۆژنامەنووس سەردەشت عوسماندا!

٥ ی ئایار، ١٣ ساڵ بەسەر رفاندن و تیرۆری ئاشکرای رۆژنامەنووس سەدەشت عوسمان لە پایتەختی هەرێمی کوردستاندا تێپەر دەبێت...کەچی سوێ و زامی ئەم ڕفاندن و پاشان تیرۆرکردنی هەنگاوێک چییە لە کەس و کار و ئازیزان و لە بەرەی ئازادی و ئازادیخوازی کوردستان دوور نەکەوتۆتەوە.

هۆکاری سەرەکی مانەوەی سوێ و برینی تیرۆری سەردەشت عوسمان و زیندومانەوەی ئەو کەیسە وەکو یەکەمین ساتەکانی ژیان سەندنەوە لێی، بریتییە لە مانەوەی پەیامەکان. دوو پەیام کە بەهاوتەریبی دەئاژوێن و یەک گرتن و بەریەک کەوتنیان مەحاڵە.

پەیامی سەردەشت بەدژی نابەرابەری قوڵی چینایەتی و دەسەلاتی بنەماڵەیی بۆرژوای کوردو بێدادی و ستەم و ملهوریەکەی لەلایەک و پەیامی بەرگری لە واقعیەتی چینایەتی بوونی کۆمەڵگەو پاراستنی پەیوەندی زاڵمانەی سەرمایەداری و ئەو سەرخانە سیاسی و فکری و کەلتورییە دژە ئازادی و بیمافیەی، بۆرژوای کورد بۆ مانەوەو دریژەدان بە تەمەنی خۆی بەدەستیەوە گرتووە.

سەردەشت عوسمان لە پێگەی بەرگری و سەنگەری بێبەشانی کۆمەڵگەی کوردستاندا و بە دید و دنیابینی بەرابەریخوازی و ئازادیخوازی، رەخنەی لە دەسەڵاتی دەستڕۆشتوی بۆرژوای کورد و رەمزەکانی گرت و لە ڕێگای تێکۆشان و قەڵەمەکەیەوە گۆشەیەک لە دنیای نابەرابەری کۆمەڵگەی کوردستانی خستە روو کە لەلایەکەوە خواکانی دەسەڵاتی سەرزەوی و مافیاکانی ئازادی و تێرنەبووانی تاوان و مۆرەکانی تاڵانی وەستاون و لە لایەکی تریشەوە، ئۆردی بێبەشان و نەدارانی کۆمەڵگە وەستاون، کە جیاوازیان لە خەیاڵاتیش واوەتر و بەرامبەرکیان لەکەشکەلانی فەلەکە و لێک نزیک بوونەوەیان وەهمە. کورد ناتوانێت یەکریز بێت... ئاخر چۆن دوو دنیای جیاواز و دوو بەرەی جیاواز و دوو ئاییندەی جیاواز و دوو بەرژەوەندی جیاوازو دوو هێزی بەرامبەر بەیەکتری دەتوانن یەک ریز بن؟ چۆن دەکرێت ئۆردویەکی ملیۆنی بێبەشکراو برسیکراو ئازادی لی زەوتکراو ماف پایماڵکراو، لەگەڵ کەمایەتیەکی دەسەڵات بەدەستی تاڵانچی و ئازادکوژ و ماف دز و ئینسان کوژ و خەون دز و نۆکەر پیشە، وەکو یەک تەماشا بکرێن؟ چۆن دەکرێت ژیانی شاهانەو فیرعەونانەو بەهەشتی

بۆ لاپەڕە 12